سەرەتایەک بۆ فەلسەفە و کۆمەڵناسی

لەفارسییەوە: ناسر حەقپەرەست
فەرەیدون شایان

بەشی دووەم و کۆتایی

بۆچوونە نازانستییەکان لەبابەت کۆمەڵ

جیا لە بۆچوونی زانستیی کە باسمان کرد، بۆچوونگەلێکی ترین لە بابەت کۆمەڵ و مێژوو بوونی هەیە. لە سەردەمی کۆندا پێیانوابوو مێژووی مرۆڤ کۆمەڵێک دیاردە و رووداوی پەرتەوازەیە کە ئاڵوگۆڕەکانی هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نەبووە. ئەو کەسانەی کە وەها تەفسیرێکیان لە مێژوو هەبوو، لەوبڕوایەدا بوون، مێژووی مرۆڤ شتێک نییە بێجگە لە کەڵەکە بوونی رووداوەکان. چارەنووسی مرۆڤ لە رۆژی لەدایکبوونیەوە هیچکات لەسەر ڕێچکە و یاسایەک بەردەوام نەبووە. بۆ وێنە پاسکاڵ دەوت:«ئەگەر لوتی کلۆپاترا کەمێک کورتتر بوایە، بارودۆخی دونیا وای لێ نەدەهات». مەبەستی ئەوەیە کە ئەگەر لوتی کلۆپاترا چکۆلەتر بوایە، ڕەنگە سزار ئاشقی ئەو نەبوایە و مارک ئانتۆنی خانرخای نەبوایە. لێکدانەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەم چەشنە، بە هیچ شێوەیەک زانستیی نییە، چونکە رووداوە مێژوویەکان بەهەڵکەوت نین.

هۆکاری وەها دیاردەیەک ئەوەیە کە دەبینین لە هەر سەردەمێکی مێژووییدا، رووداو و دیاردەگەلێکی گونجاو لەگەڵ ئەو سەردەمە روودەدەن. ئەگەر وەها نەبوایە، ئێمە لەم سەردەمەدا دەبوایە شاهیدی بەرهەمهێنان بە ئامرازە بەردینەکان بوایە، یان بەوپەری سەرسامییەوە، میژووی سەفەری مرۆڤ بۆ سەر مانگ بە هی سەردەمی بەردینە هەژمار بکەین.

کەسانێکیش هەن پێیانوایە ، ئەنیا ئەندێشەو چالاکییە مەعنەوییەکانی مرۆڤە کە چێکەری مێژووە. ئەوان دەڵێن لە هەر سەردەمێکدا زانا، نوسەر،

هونەرمەند و سیاسەتمەدارانێک هەن، کە بە بیرۆکە داهێنەرانەکانی خۆیان، مێژوو دەخوڵقێنن. هەروەک ناپلیۆن دەیوت :»شۆڕشی مەزنی فەرەنسا ، هەزرێک بوو کە بە سەرنێزە چەکدار بوو.» مەبەستی ناپلیۆن لەو رستەیە ئەوە بوو کە گۆڕانکارییە ماددییەکانی ناو کۆمەڵی فەرەنسا نەبوو کە شۆڕشی لێکەوتەوە، بەڵکو بیروبۆچوونە شۆڕشگێڕانەکان، شۆڕشی مەزنی فەرەنسایان خوڵقاند. لە لاپەڕەکانی پێشووتردا باسمان لەگەڵ دژایەتی بۆچوونی زانستیی مێژوو لە بەرامبەر وەها بۆچوونێکدا کرد. بۆچوونێکی تر هەیە بەناوی «تیۆریی هۆکارەکان». ئەو بۆچوونە دەڵێت گشت هۆکارە فیکری و ئابوورییەکان بە رادەی یەکسان، لە چێکردنی مێژوودا کاریگەرن. کەموکوری ئەو بۆچوونە لەوەدایە، کەلەپێشەوە بوونی هەلومەرجی مادیی ژیانی مرۆڤ، بەسەر هەلومەرجی مەعنەوییدا لەبەرچاو ناگرێت، چونکە هەروەک دەزانین هەبوونی کۆمەڵایەتیی، لەپێشەوەی شعوری کۆمەڵایەتییە.

کانت

یاسا کۆمەڵایەتییەکان

بەرلەوەی بچینە سەر باسی چۆنیەتی یاسا کۆمەڵایەتییەکان، پێویستە پێناسەیەک لە خودی یاسا بەدەستەوە بدەین و بڵێین کە یاسای زانستیی چییە. یاسا زانستییەکان کەم تا زۆر ڕەنگدانەوەی ورد و دروستی یاساکانی دونیای دەرەوەن، هەروەها سەربەخۆ لە ئیرادە و شعوری ئێمە بوونیان هەیە، بەواتایەکی تر بخوازین و نەخوازین، چ هەبین و چ نەبین، ئەو دونیایەی ئێمەی لەخۆ گرتووە بوونی هەیە. بۆ وێنە ملیۆنەها ساڵ بەرلەوەی کە مرۆڤ بوونی هەبووبێت، گۆی زەوی بووە، کۆمەڵەی خۆر بەملیۆن ساڵە دریژە بە بوونی خۆی دەداث. لەحاڵێکدا هەروەک دەزانین، ئەمەنی مرۆڤ لە یەک ملیۆن ساڵ زیاتر نێناپەڕێت، کەواتە بەو ئاکامە دەگەین کە گۆی زەوی یان کۆمەڵەی خۆر، عەینی و دەرەکین، هەروەها سەربەخۆ لە زەین و ئیرادەی ئێمە بوونیان هەیە. یاسا زانستییەکان بەگشتی، خاوەن ئەو ئایبەتمەندیانەی خوارەوەن:

یەکەم: یاسا پەیوەندییەکە، بەڵام نەک هەر پەیوەندییەک، بەڵکو پەیوەندییەکی سەرەکی و بنەڕەتی. لە جیهاندا پەیوەندیگەلێکی زۆر بوونی هەیە، بەڵام هەندێک لە پەیوەندییەکان سەرەکی و بنەڕەتیین. بۆ وێنە ئاو و شنەکانی تر لەوانەیە خاوەن پەیوەندیگەلێکی بێهەژمار بن، بەڵام ئەو پەیوەندییە کە هەر شتێک بکەوێنە ناو ئاو، بەڕادەی قورسایی ئاوی هاوسەنگی خۆی لە قورساییەکەی کەم دەبێنەوە، یاسایەکی فیزیکییە، چونکە پەیوەندییەکی سەرەکی و بنەڕەتییە. بۆ دۆزینەوەی یاسایەکی زانستی پێویستە، دزە بکرێنە نا دیاردەیەک و ئۆژێنەوە لەسەر ناوەڕۆکی بکرێت. لەم ڕووەوە یەکێک لە زانایان وتوویەتی کە یاسا پەیوەندییەکی ناوەڕۆکی و یان پەیوەندی نێوان ناوەڕۆکەکانە.

دووەم: یاسای زانستیی پەیوەندییەکی ئایبەتیی نێوان دیاردەکان نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی گشتییە. یەکێک لە زاناکان وتوویەتی کە یاسا، شێوازێکە لە گشتیی بوونی سروشت. بەو مانایەی کە بە دۆزینەوەی یاسا، ئێمە پەی بەو شتانە دەبەین، کە لە دیاردە جیا و پەرتەوازەکانی سروشتدا هاوبەشن. بۆ وێنە لە نێوان کانزا جۆراوجۆرەکان و جیا لە یەک کە لە سروشتدا بوونیان هەیە، بە دۆزینەوەی ئایبەت بە بۆمان دەردەکەوێت، کە گشت کانزاکان لەبەرامبەر گەرمادا دەکرێنەوە، یان پێوەی پەیوەست دەبن.

سێهەم: یاسا پەیوەندییەکی پێویست و حەتمییە. بۆ وێنە، ئەو یاسایەی کە مرۆڤ لەپێناو مانەوەی خۆیدا پێویستی بە بەرهەمهێنانە، پەیوەندییەکی پێویست و چارەهەڵنەگرە.

چوارەم: یاسا بەردەوام و جێگیرە

و سەرەرای ئەوەی کە سروشت و کۆمەڵ هەمیشە لەحاڵی بزووتن و گەشەکردندان، بەڵام یاسا خاوەن بەردەوامی و درێژەکێشانە. بۆ وێنە یاسای کرانەوەی گازەکان بەملیۆن ساڵە بوونیان هەیە.

ئێستا کە ئایبەتمەندییەکانی یان ساماناسی، دەبێ لەیادمان نەچێت، کە لە کۆمەڵیشدا یاساگەلێکی هاوچەشنی یاسا سروشتییەکان بوونی هەیە. بەو واتایەی کە بزووتن و گەشەکردنی کۆمەڵ بەپێی یاساگەلێکی دیاریکراو، بەڕێوەدەچێت، بەڵام لەو ڕووەوە کە ئەو یاسایانە، وانە یاساکانی کۆمەڵ لە بابەت مرۆڤەکانەوە ڕاستە و پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان و سروشت لەگەڵ یەکتری ڕێکدەخات، هەندێک گومانیان لە عەینیی بوونی هەیە، بەڵام ئەو گومانە بە هیچ جۆرێک زانستیی نییە. لەو بابەتەوە، زیاتر شیدەکەینەوە.

عەینیی بوونی یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵ

زانایان لەو باوەڕەدان مرۆڤ ئامرازێکی ساکار نییە، بۆ وەدیهێنانی ئامانجگەلێکی دیاریکراو، هەروەها مێژوو شتێک نییە بێجگە لە ئەنجامی کۆی کردەوە مرۆییەکان. بەواتایەکی تر ئەوە مرۆڤەکانن کە بەدیهێنەری مێژوون. بە وتەی یەکێک لە زانایانی سەدەی (١٩) لەڕاستیدا هەم نوسەر و هەم دەرهێنەر و هەمیش ئەکتەری درامی ئایبەت بەخۆیانن، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە مرۆڤایەتی، کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی هۆشیارانە دەخولقێنێت. یەکێکی تر لە زانایان لەو بارەیەوە دەڵێت: مێژووی مرۆڤ وەک ئەنجومەنێک وایە کە هەرکەسەو بە پێی مەیل و بۆچوونی خۆی، چالاکی دەکات و بیروڕای خۆی دەردەبڕێت، بەڵام ئەنجومەن بە کەڵک وەرگرتن لە چالاکی و بچوونەکانی گشت ئەندامانی بەرەو ڕێگەیەک دەچێنظن کە هیچ کەس نەیخواستووە. ئەوەی کە دیاریکەریی گەشەکردنی کۆمەڵایەتییە، ئالۆگۆڕەکانی گەشەکردنی شێوەی بەرهەمهێنانە کە ئاکامی هەوڵی مرۆڤەکانە، بەڵام شێوەی بەرهەمهێنان لەلایەن هێزێکی دەرەکییەوە بەسەر کۆمەڵدا نەسەپێندراوە، بەڵکو رسکاوی دەستی خۆمانە. شێوەی بەرهەمهێنانیش، بەردەوام پەیوەندیی بە هەلومەرجێکی مێژوویی دیاریکراو هەیە. بەو مانایەی کە بەدڵنیاییەوە چالاکییە مادییەکانی مرۆڤ بۆ ژیان و ژیانێکی باشتر، بەدرێژایی مێژوو گەشە دەکات، کەواتە ئامرازسازیی و گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان بەر لە هەر شتێک، پەیوەندی بە قۆناغی گەشەکردنی مێژوویی کۆمەڵ هەیە. بەمجۆرە دەردەکەوێت کە مرۆڤ ئەنیا دەتوانێت، لە کەوشەنی هەلومەرجی مێژوویدا بەرهەمهێنانی خۆی بەرەو گەشەکردن بەرێت. بەم پێیەش گەشە، ئالۆگۆڕ و کاملبوونی شێوەی بەرهەمهێنان ئەگەر لەدەست مرۆڤەکاندایە و بۆ ئەوانە بەشێوەی ئەواو بە ئیرادەی ئەوان نییە و بەپێی هەلومەرجی مێژوویی بەرئەسک دەبێنەوە.

بە دۆزینەوەی کۆڵەکە مادییەکانی ژیانی مرۆڤ، دوو کەس لە زانا گەورەکانی سەدەی ڕابردو، سەلماندیان گەشەکردنی کۆمەڵ بە پێی یاسا عەینییەکان بەرەوپێش دەچێت. ئەوان دووجۆر پەیوەندیی کۆمەڵایەتیان دۆزییەوە: پەیوەندییە مادییەکان و پەیوەندییە مەعنەوییەکان. بەپێچەوانەی پەیوەندیی فیکری و

> پەیوەندییە مادییەکان و پەیوەندییە مەعنەوییەکان. بەپێچەوانەی پەیوەندیی فیکری و مەعنەویی، پەیوەندییە ئابوورییەکان، یان پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، لەدەرەوەی زەین و ئیرادەی مرۆڤ شێوە دەگرن

مەعنەویی، پەیوەندییە ئابوورییەکان، یان پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، لەدەرەوەی زەین و ئیرادەی مرۆڤ شێوە دەگرن و ئاکامی ئەو هەوڵانەن کە بۆ دابینکردنی پێداویستییە مادییەکان بەڕێوەدەچن.

بە گشتیی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و ئابوری، ژێرخانی ئابوری کۆمەڵ و کۆڵەکە ڕاستەقینەکانی ئەو پێکدێنن، لەحاڵێکدا پەیوەندییە مەعنەوی و فیکرییەکان، شتێک نین بێجگە لە سەرخانی ئەو کۆڵەکانە نەبێت.

بە دۆزینەوەی قۆناغەکانی گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان، ئەنیا کۆڵەکەی قایمی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، وەک ڕەونێکی مێژووی سروشتی سەریهەڵدا. ئەنیا بە پشتبەستن بەو کۆڵەکەیەیە کە دەتوانین بڵێین مێژووی مرۆیی پێڕەویی لەو یاسایانە دەکات، کە ئاکامی ئایبەتمەندیی

پەیوەندییە مادییەکانی مرۆڤە و لە دەرەوەی شعور و ئیرادەی ئەوانداید. لە گشت سەردەمە جۆراوجۆرە مێژوویەکاندا مرۆڤەکان لەو کانەدا کە لەگەڵ یەکتری پەیوەندیی دەگرن، ئاگاداری ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و یاساییانە نین، کە بەسەریاندا زاڵە و لە ناویاندا باوە. نمونەیەک کە لێرەدا دەتوانین ئاماژەی پێبکەین، دۆخی ئەو جوونیارانەیە کە بۆ وێنە گەنمەکەی خۆیان بۆ فرۆشتن دەبنە بازاڕ، گومان لەوەدا نییە کە نرخەکان پێڕەوی لە دۆخی بازڕا دەکات و ئەو بەرزی و نزمیانەش، لە پەیوەندییە ئابوورییەکانی کۆمەڵ سەرچاوە دەگرێت. کاتێک ئەو خەڵکە گەنمەکەیان بەرەو بازاڕ دەبەن، لەراستیدا ئەنانەت لەگەڵ بەرهەمهێنەرانیی جیهانیی گەنم رووبەڕووەبنەوە، بەڵام ئەوان شتێک دەربارەی ئەو گشتە پەیوەندییە ئابوورییانە نازانن. ئەوش روونە ئەگەر بارودۆخی بازاڕ باش بێت، دەتوانێت ببێنە هۆی باشتر بوونی بارودۆخی ژیانی ئەوانیش. لە ئەگەری خراپ بوونیشدا ئیفلاس بوونی ئەوانی لێدەکەوێنەوە، بەڵام هەر بەوجۆرەی وتمان، ئەو جوتیارانە هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بەو پەیوەندیانە نییە، کەچی ئەو پەیوەندیانە کاریگەریی جیدی لەسەر ژیانی ئەوان هەیە.

بەدڵنیایی هەر بەرهەمهێنەرێکی ناک، بە جۆرێکی ئاگاهانە چالاکی دەکات. ئەو ئاگاهانە نەکنیکی کارەکەی دەگۆڕێت و ئەوەی کە بەرهەمیهێناوە لەگەڵ شتێکی نردا ئاڵوگۆڕی پێدەکات و چالاکییەکانی نریشی ئاگاهانە بەڕێوە دەبات، بەڵام هەوڵ و چالاکییەکانی بەملیۆنەها بەرهەمهێنەر، لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیدا گۆڕانکاریی بەدوای خۆیدا دێنێت. خەڵک نەک هەر ناتوانن بەر بەو ئاڵوگۆڕانە بگرن، نەنانەت ناتوانن بەر لەوەش پەییبەرن. بەوانایەکی نر دەمانەوێت بڵێین کە ئەگەرچی مرۆڤەکان چێکەری مێژووی خۆیانن، بەڵام بە هیچ شێوەیەک بەو مانایە نییە کە بەپێی دڵخوازی خۆیان مێژوو دەخوڵقێنن.

هەندێک لە کۆمەڵناسان لەگەڵ ئەو بۆچوونە زانستییەی مێژوودا کەونوونەنە دژایەتی. ئەوان دەڵێن کە لۆژیک وا حوکم دەکات یەکێکیان هەڵبژێرین: یان هەبوونی پێویستییەکی عەینی لە مێژوودا قبوڵ بکەین، کە لەو حاڵەنەدا چالاکییە ئاگاهانەکانی مرۆڤ جێگەیەکیان نییە، یان رۆڵی ئاگاهانەی مرۆڤ قەبوڵ بکەین، کە لەو حاڵەنەشدا ئیتر عەینییەت مانایەکی نامێنێت. ئەوان دەڵێن کە ئیۆریی ئیجبار و چارەهەڵنەگریی گۆڕان و گەشەکردنیی کۆمەڵایەتی بە قەبوولکردنی ئەو مەسەلەیە کە مرۆڤەکان پێویستە بۆ بەدیهاتنی ئەو ئاڵوگۆڕانە هەوڵبدەن و چالاکی بنوێنن، ناکۆکی ئاشکرایان پێکەوە هەیە، بەڵام لەراستیدا ئەوە نەنیا ناکۆکی ناو خەیاڵانی ئەو بەڕێزانەیە. بەپێچەوانەی ئەوەی کەلەسروشتدا رووەداتن زەروورەتی مێژووییە، بەو مانای ئەو حەقیقەتەیە کە لە هەر سەردەمێکی مێژووییدا، پێویستە گۆڕان و گەشەکردنێکی دیاریکراو روو بداتن، کە نەنیا لە چالاکیەکانی مرۆڤدا بەدیدێت.

مرۆڤ نەنیا دەتوانێت، بەپێی زەروورەتی مێژووییە هەڵسوکەوت بکات، بەڵام ئەو پێڕەوییەی مرۆڤ، بەمانای دیلیەتی مرۆڤ لە جەبری رەهادا نییە_ ئەگەرچی هەندێک گەرەکیان بووە، وەها دەرەنجامێکی لێ بەدەستەوە بدەن. ئەوان پێیانوایە کە مرۆڤ لە گشت قۆناغە مێژوویەکاندا، خاوەن هیچ ئیرادەیەکی خۆی نییە.

دکتۆر ریاکین، قارەمانی یەکێک لە کتێبەکانی گۆرکی، بۆ ئارامی بەخشین بە رۆحی پیاوێکی گەنج، پێیدەڵێت:» مرۆڤ نە دەتوانێت کاتی رووداوەکان خیراتر بکات و نە دەشتوانێت خاوتر بکاتەوە. هەروەک چۆن ناتوانێت کاریگەریی لەسەر خولانەوەی گۆی زەوی بەدەوری خۆردا هەبێت، لە رەوتی رووداوە کۆمەڵایەتییەکانیشدا بێ کاریگەرییە. ئەوەی کە دەبێت بکرێ، دەکرێت و ئەوەش کە دەبێت نەکرێت، ناکرێت. ئەوە شتێکی روونە، نەنانەت ئەگەر خۆشت چوارپارچە بکەیت.» ئەو کاتەش کە گەنجەکە پێیدەڵێت «ئاخر مرۆڤ دەبێ کارێک بکات خۆ هەروا نابێت...» دکتۆر لە وەڵامدا دەڵێت» ئەرکی مرۆڤەکانیش دیاریکراوە، زاوزێ بکەن و زەوی پرکەن لە حەشیمەت». کارەکانی نر خۆبەخۆ بەڕێوە دەچن.

بەڵام وەها لێکدانەوەیەک لە بابەت پێویستیی مێژوو، بەهیچ چەشنێک دروست نییە. هەروەک وتمان، ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و مێژوویەکان، کاتێک دەتوانن رووبدەن کە خەڵک بوونیان هەبێت و بە کار و چالاکییەکانی خۆیان ببنە هۆی سەرهەڵدانی وەها ئاڵوگۆڕگەلێک. مرۆڤ دەتوانێت بە ناسینی پێویستیی مێژوویی، رۆڵێکی چالاک و ئاگاە لە وەدیهاتنی ئەو پێوستییەدا بگێڕێت و دەتوانێت رەوتی دەرکەوتنی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خێراتر بکات.

چالاکییەکانی ئاگاهانەی مرۆڤ

ڕەنگدانەوەیەکی ساکار، نەنیا و ناچالاک نییە، بەڵکو بەشێکی ئۆرگانیک لە ڕەوتی گەشەکردنی مێژوویی. ئەو کردەوە ئاگاهانەیەی مرۆڤ ، بەشێک لە ئاڵقەی زەنجیری لەپسان نەهاتووی پێشکەوتنی کۆمەڵە. بەمجۆرە پێویستیی مێژوویی گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتیی، بە هیچ شێوەیەک بەو مانایە نییە، کە ئەو گۆڕانە خۆبەخۆ و بێ بەشداریی مرۆڤ بەڕێوە دەچێت، بەڵکو ئەو مەسەلەیە بەو مانایەیە کە ڕووگەو ڕەوتی بزووتنی مێژوویی، بەچەشنێکی بنەڕەتیی، ڕووی لە وەها گۆڕانێکە.

بۆچوونی زانستیی مێژوو، هەروەک لە جەبری ڕەها بەدوورە، لە زەینگەرایی و ئیختیاریش دوورە. هیچ کات ناکرێت، گۆڕانکارییەکانی ناو مێژوو بەپێی مەیلی ئاکەکان، بێنەدی. بۆ وێنە دەرکەوتنی مس و بەکارهێنانی ئامرازی کانزایی، بوە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ سەردەمی بەردین پشتسەر بنێت، یان ئەوەی بە مەیلی حەتمیی ئەو کەسانەی لە سەردەمی بەردیندا دەژیان، نەبووە. مەیلیان لە هەر شتێک بووبێت، ئەوە ڕوونە کە سەردەمی بەردین مەحکوم بووە بە پشتسەرنان.

بۆچوونی زانستیی مێژوو، لە خودی واقعییەتی کۆمەڵایەتیدا بەشوێن سەرچاوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگەڕێت و ئەوە بنچینە و زانی بۆچوونی زانستیی مێژوویە، کە بەشێوەی ئۆرگانیک، عەینی بوونی گۆڕانکارییەکان لەگەڵ چالاکییە ئاگاهانەکانی مرۆڤدا ئاوێتە دەکات. هەندێک کەس لەو بە لێگە

ئاددەم سمیس

دەپێون.

٤ــ بەردەوام گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی، بەهۆی چالاکییە مرۆییەکانەوە شێوە دەگرێت.

یاسا کشتیی و ئایەتییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی

وتمان کە کۆمەڵی مرۆیی، هەمیشە لەحاڵی گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕدایە. ئەو ئاڵوگۆڕانە، بەچەشنێکی بنەڕەتی لە بواری گەشەکردندایە و هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ژیانی مادی و مەعنەوی مرۆڤی ئەمڕۆ بەنیسبەت مرۆڤەکانی ڕابردو، کاملتر و ئاڵۆزتڕە، بەڵام بزووتن و گەشەکردنی کۆمەڵ بەهەڵکەوت و بێ ڕێوشوێن نییە، بەڵکو یاساگەلێکی بەسەردا زاڵە. بەو یاسایانە دەڵێن یاساکانی گەشەکردن، بەڵام یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی، لە هەندێک لایەنەوە، لەگەڵ یەکنریدا هێنانەوە ڕوونە ئێناگەن. ئەوان نانوانن، لەو حەقیقەتە ئێبگەن کە لە نێوان بۆچوونی زانستیی مێژوو لەلایەک و بۆچوونی زەینیی مێژوو و جەبری ڕەها لە لایەکی تر، جیاوازییەکی گەورە هەیە و بۆچوونی زانستیی مێژوو، لەهەردووکیان جیایە. بەمجۆرە بەو ئاکامە دەگەین کە:

١ــ گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی پەیوەندی بە پلەی گەشەکردنی شێوەکانی بەرهەمهێنانەوە هەیە.

٢ــ گەشەکردنی شێوەکانی بەرهەمهێنان خۆی چەمکێکی مێژوویە.

٣ــ یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی عەینییە و سەربەخۆ لە ئیرادەی مرۆڤ ڕەوتی خۆیان

جیاوازن. بەگشتی، دەکرێت بڵێین کە یاساکانی کۆمەڵ بەسەر دوو دەستەدا دابەشدەبن.

١ــ یاسا گشتییەکان ٢ــ یاسا ناپەیوەندییەکان.

جیاوازی نێوان یاسا گشتیی و ناپەیوەندییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی، بەر لە هەر شتێک، لە جیاوازی کەوشەن، هەروەها درێژبوونەوەی مێژووییدایە.

گشت یاساکان خاوەن کەوشەنێکی دیاریکراون، بەو جۆرێک کە جێگیر بوون و دەرکەوتنی ئەوان ئەنیا لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا ڕووەدات، بەڵام هەندێک لە یاساکان خاوەن کەوشەنێکی بەرینترن. بەو یاسایانە دەوترێ یاسا سەرجەم و گشتییەکان. بۆ وێنە یاساکانی بزووتن و گەشەکردنی مادە کە پێشتر باسمانکرد، گشتیترین و بەرینترین یاسا زانستییەکانن، چونکە هەم سروشت، هەم کۆمەڵ و هەمیش بیرکردنەوەی مرۆڤ دەکەوێنە کەوشەنی ئەوەوە. بۆ وێنە دەکرێ ئەو یاسایە کە سەرچاوە و چاوگی گەشەکردنی ناکۆکیە لەبەرچاو بگرین. دیمان کە هەم لە بزووتنە میکانیکیی و هەم لە گەشەکردنی دونیای زیندوو، هەروەها لە کۆمەڵدا یاسای ناکۆکی زاڵە، کەوانە ناکۆکی یاسایەکە گشتیی و بەرین، چونکە بەسەر سروشت، کۆمەڵ و بیرکردنەوەی مرۆییدا زاڵە. لەناو یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا ئەو یاسایانەی کە بەشێوەی سەربەخۆ و بەبێ لەبەرچاوگرتنی فۆرماسیۆنە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتیی و مێژووییەکان، دەربڕی هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵە، بە یاسا گشتییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی دەناسرێن.

بۆ وێنە ئەو یاسایە کە:» بەرهەمهێنانی پێداویستییە مادییەکان، مەرجی چارەهەڵنەگری هەبوونی کۆمەڵە»، یاسایەکی گشتیی گەشەکردنی کۆمەڵایەتییە.

بۆچی وەهایە؟ چونکە گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی لە هەر قۆناغێکدا بێت، هێزە بەرهەمهێنەرەکان لە هەر دۆخێکدابن، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندی خاوەندارێتی بەهەر چەشنێک بێت، لە هەر حاڵەتێکدا بەرهەمهێنان مەرجێکی زەروورییە هەبوونی کۆمەڵە.

کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کەوشەنی ئەو یاسایە گەلێک بەرینە. بەچەشنێک کە ناکرێت بڵێین هەندێک کۆمەڵ، یان گروپی کۆمەڵایەتی، لەم قاعیدەیە بەدەرە، بەڵام یاسای چارەهەڵنەگر بوونی بەرهەمهێنانی پێداویستییە مادییەکان، بە هۆکارگەلێکی ئریش گشتییە، ئەویش «درێژەکێشانی مێژووییەتی»، بەو واتایەی کە ئەو یاسایە لە هەر دەورە و چاخێکدا لەگۆڕێدایە، چونکە بۆ وێنە ناکرێت بڵێین، کۆمەڵی چاخی بەردین پێویستی بە بەرهەمهێنانی پێداویستیی مادیی هەبووە، بەڵام لە سەردەمی مەکینەدا ئەو پێداویستییە نەماوە، کەوانە یاسا گشتییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی، خاوەن ئەم ناپەیوەندیانەن.

١ــ دەربڕی هەلومەرجە سەرەکییەکانی هەستیی کۆمەڵن.

٢ــ کەوانە، خاوەن کەوشەنێکی بەرینن.

٣ــ ناچارانیش، خاوەنی درێژەکێشانی مێژووین.

بەڵام بۆ وێنە، یاسای پیشاندان و داواکردن (غرچە و ڤاچا) یاسایەکی گشتیی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی نییە. لەم بارەیەوە زیاتر شیدەکەینەوە.

یاسای پیشاندان و داواکردن، بە مانای ئەو حەقیقەتەیە کە نرخی هەر کاڵایەک کە دەبرێنە بازار، یەکەم پەیوەندیی هەیە بە رادەی هێنانی ئەو کاڵایە لەلایەن بەرهەمهێنەرانیەوە، دووهەم، بەرادەی خواست و داواکارییەک کە لەلایەن خەڵکەوە، بەنیسبەت ئەو کاڵایە هەیە.

پێویستە ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە ئەمە یاسایەکی گشتیی نییە، چونکە یاسای پیشاندان و داواکردن ئەنیا لەبابەت کاڵاوە راستە و ئەنیا لەو کۆمەڵانەدا بەمجۆرەیە کە ئێیاندا کاڵا بۆ فرۆش یان ئاڵوگۆڕ پێکردن بەرهەمبێنرێت و ببرێنە بازار، بەگشتیی ئەو یاسایە لە کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەیە، کە دەوڵەت و یان پاوانخوازییەکان کاریگەریان بەسەر نرخەکانەوە نەبێت، کەوانە کەوشەنی ئەو یاسایە بەنیسبەت یاسای گەشەکردنی کۆمەڵایەتییەوە بەرنەسکە.

لەلایەکی ئریشەوە دەزانین کە ئەو یاسایە خاوەن درێژەکێشانێکی مێژوویی زۆر نییە، چونکە بۆ ماوەیەکی زۆر مرۆڤە سەرەتاییەکان، بەشێوەی هەرەوەزیی بەرهەمیان دەخوڵقاند و بەشێوەی هاوبەشیش بەکاریاندەهێنا. لەو سەردەمەدا هیچ کەس بۆ بردنە بازار شتی بەرهەم نەدێنا و یاسای پیشاندان و داواکردنیش لەگۆڕێدا نەبوو، کەوانە ئەو یاسایە ئەنیا بۆ قۆناغگەلێکی دیاریکراو لە گەشەکردنی مێژووییدا دەئوانێت بوونی هەبێت. لەم ڕووەوە دەڵێین کە یاسای پیشاندان و داواکردن، یەکێک لە یاسا ناپەیوەندەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتییە، کەوانە یاسا ناپەیوەندەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی،

خاوەن ئەو ئایەتەندیانەن:

١ــ دەربــــڕی هــەڵومــەرجی ئــایــەتــمــەنــدی قــۆنــاغــێــک، یــان سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراون.

٢ــ خاوەن کەوشەنێکی ئاراستەیەک بەرنەسکن.

٣ــ درێژەکێشانی مێژووییان کەمە.

هــەنــدێــک لــە کــۆمــەڵــناســان و ئابوریزانان، دژایەتیان لەگەڵ واتای مێژوویی یاسادا کــردووە، پێیانوایە زانەن ناکۆکە.

ئــەوان حــەشــایــان لــە ئیمکانی دۆزیــنــەوەی یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی کــردووە. هەندێک لــەوەان لەوبڕوایەدان، فرەچەشنی شێوازەکانی ژیــانــی کۆمەڵایەتی، لەمپەرە بۆ ئــەوەی کە یاسا (کە پەیوەندییەکی جێگیر و بەردەوامە) بەسەریدا زاڵ بێت. بۆ وێنە یەکێک لە ئابوریزانانی سەدەی (١٩) روسیا بــەنــاوی پــارا نۆفسکی وتوویەتی: ئەنانەت بۆ سیستمە ئابورییەکانیش ناکرێ بە هەبوونی یاسایەک قایل بین، ئەنیا دەکرێت رێگا و رووگەی بزووتنی کۆمەڵ ئاراستەیەک دیاری بکەیت.

هەندێکی تریش ڕەهەندێکی زەینی و دەروونیان بە واتای یاسای مێژوویی داوە، کە ئەواوەن لەگەڵ واتا زانستییەکەیدا بێگانەیە. لێرەدا پێویستە بڵێین: ئەوە راستە کە بزووتنی کۆمەڵ ئاڵۆزترین جــۆری بزووتنی مــادەیــە و یاساکانی ئاڵۆزتریشن، بەڵام ئەوە رێگریی لەوە ناکات بڵێین یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی، خاوەن جێگیربوون و درێژەکێشانن.

پێویستیی مێژوویی و چالاکی مرۆڤ

مــرۆڤــەکــان خــۆیــان چێکەری مێژوون. پێشتر وتمان کە کۆمەڵێش، وەک سروشت بەپێی یاساگەلێکی عەینی لەگەشەکردندایە. لێرەدا پێویستە بزانین رۆڵــی مــرۆڤ لە گەشەکردنی مێژوودا چییە؟ ئایا مرۆڤ بۆ وەدیهاتنی پێویستیی مێژوویی، ئەنیا ئامرازێکی ساکارە؟

لەکۆندا پێیانوابوو کە جەبر و ئەقدیر زاڵە بەسەر چارەنووسی مرۆڤ، ئەنانەت خوداوەندەکانیشدا. مرۆڤ لە ئوانایدا نییە ئەوەی چارەنووس بۆی دیاریکردووە، بیگۆڕێت، بەڵام ئایا پێویستیی مێژوویی، شتێکی هاوچەشنی چــارەنــووســە؟ ئەگەر وایــە، باشتر نییە کە مرۆڤ گشت چالاکییەکان و کاری خۆی وێڵ کات و بە شێوەیەکی خۆبەدەستەوەدەرانە، چاوەڕێی رووداوەکان بێت؟

هەندێک گــەرەکــیــان بــووە بە ئاوەژووکردنەوەی بۆچوونی زانستیی مێژوو وا بنوێنن کە گوایە بەپێی ئەو بۆچوونە، هەوڵی مرۆڤ بۆ بەدیهاتنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکان پێویست نییە، چونکە ئــەو گۆڕانکاریانە، بەناچار و بێ وەها هەوڵێکیش، هەر بەدیدێن.

نــابــەجــێ بــوونــی وەهــا هەڵسەنگاندنێک، بەخێرایی ئاشکرا دەبــێــت. هــەروەک گەلێک جار وتوومانە، یاساکانی مێژوو لە هەوڵە مرۆییەکاندا شێوە دەگرێت و ئەوەش هەمان ئەو شتەیە کە ئەو یاسایانە لە یاساکانی سروشت، جیا دەکانەوە.

پێویستیی مێژوویی بەومانایە نییە کە رەونگەلێکی ئەقدیریی، سەربەخۆ لە هەوڵە مرۆییەکان بوونی هەیە، بەڵکو واتای پێویستیی مێژوویی بەو مانایەیە، کە بەرهەمهێنانی کۆمەڵ لە هەر قۆناغێکی مێژوویی، دیاریکەری

> ئەوە راستە کە بزووتنی کۆمەڵ ئاڵۆزترین جۆری بزووتنی مادەیە و یاساکانی ئاڵۆزتریشن، بەڵام ئەوە رێگریی لەوە ناکات بڵێین یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی، خاوەن جێگیربوون و درێژەکێشانن

چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی ئریشە.

بــۆ وێــنــە بــەر لــە شــۆڕشــی مەزنی فەرەنسا ، پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتی لەمپەرێکی سەر رێگای گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان بــوو، چــونــکــە وەگــەڕکــەوتــنــی کارخانەکان پێویستیی بە مەوادی سەرەتایی هەبوو، دابینبوونی مەوادی سەرەتاییش پێویستی بەوە هەبوو کە دانوستان و بازرگانی کردن بە کاڵاکان بەشێوەی ئازادانە بەڕێوە بچێت. ئــەوە رووتــە کاریگەرییە خراپەکانی دەرەبەگایەتی، سنوری ملکی خانەدانەکان، لەمپەرێک بوون لەسەر گەشەی بازرگان و بازرگانی و بەهەمانشێوە لەمپەرێکیش بوون بۆ گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان.

لــە وەهــا هــەڵــومــەرجــێــکــدا پێویستیی مێژوویی دەیخواست کە دەرەبەگایەتیی نابود و وێران بکرێت. ئەو زەروورەتە مێژوویە لە چالاکییە شۆڕشگێڕانەکانی بازرگانان و

جوونیارەکاندا شێوەی گرت. بەمجۆرە ئەو چینانە کە لە دۆخی زاڵ بەسەر فەرەنسای ئەوکاتدا ناڕازیی بوون، دەسنیان دایە چالاکی لە دژی. خەباتی ئەو چینانە، سیستمی دەرەبەگایەتی لە مێژوودا سڕیەوە.

شۆڕشگێڕەکان لە ئاخێزێکی بێ هاوتادا، دەستیان بەسەر باستیلدا گرت و بە وەرەیەکی بەرزەوە، لەبەرامبەر دەرەبەگەکاندا بەرگریان لە سیستمی نوێ کرد. ئەو نمونەیە دەیسەلمێنێت کە پێویستیی مێژوویی، هەمیشە لە هەوڵ و چالاکییە مرۆییەکاندا دەردەکەوێت.

بۆ ئەوەی مەسەلەکە زیاتر روون بێتەوە، دیسانەوەش دەگەڕێینەوە بۆ سەر شۆڕشی فەرەنسا . لە رەوتی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی کە لە کۆتاییەکانی سەدەی (١٨) و سەرەتاکانی سەدەی (١٩) لە فەرەنسا بەڕێوە دەچوون: بەپێچەوانەی بازرگان و جوونیارەکان کە خوازیاری شۆڕشی گەورە و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیی بوون، دەرەبەگەکان بەتوندی دژایەتیان دەکرد.

لەراستیدا دەرەبەگەکان بەرەنگاری پێویستیی مێژوویی ببوونەوە. سەرەڕای ئەوەی دەرەبەگەکان و لایەنگرانی دەرەبەگایەتی سەرسەختانە خۆڕاگیران کرد و سەرەڕای ئەوەی لەم ڕێیەدا لە هیچ هەوڵێک سڵیان نەکرد، بەڵام نەیانتوانی سیستمی دەرەبەگایەتی بپارێزن، چونکە بەپێی پێویستیی مێژوویی، دەرەبەگایەتی بەکۆتایی تەمەنی خۆی گەشتبوو و لە ئاکامیشدا نابوون بوو.

هەندێک لە کۆمەڵناسە کۆنەپەرەستەکان کە نەیاری بۆچوونی زانستیی مێژوون، دەڵێن زەرووریەتی مێژوویی مرۆڤ لە ئازادیی بێبەش دەکات.

قۆلتێر

بەبڕوای ئەوان ئازادی و زەرووریەت دوو چەمکی ناکۆکن. ئەوان دەڵێن ئەگەر قەرار وایە مرۆڤ بەپێی پێویستیی مێژوویی بجووڵێنەوە، ئینر ئازاد نییە، چونکە مرۆڤ کاتێک ئازادە کە کردەوەکانی بەدڵخوازی خۆی بێت، بەڵام لە درێژەدا دەبینین کە وەها نییە.

سەرنجام لەپاش گەلێک خولانەوە بەناو جەنگەڵدا و لەوانەیە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ مەترسی و کات کوشتن، سەرگەردان و هیلاک و برسی بۆی دەردەکەوێت ئازادی سەرابێک واوەتر نییە و لەراستیدا بەدوور لە ئازادی ترساو و نائومێد دیلی دەستی ژینگەیە، بەڵام کەسەکەی تر بەجۆرێکی تر دەجوڵێنەوە: بە بەکارهێنانی هێمای ئەستێرەکان و گشت ئەو زانیارییانەی لە خوێندنەوەی کێبەکان دەستەبەری کردوون و ئەزموونەکانی، ڕێگەیەک دەگرێنەبەر و لەپاش هەندێک بەمەنزڵ دەگات، بەمجۆرە درک و ناسینی پێویستیی (زەرووریەت) ڕێگەی پێدەداث باشترین ڕێگا هەڵبژێرێت و بەخێرایی بگاتە مەنزڵ و بە حەقیقەتی ئازادیی بگات.

ئەو نمونەیە بەباشی دەیسەلمێنێت کە ناسینی زەرووریەتی عەینیی، ئازادیی کردەوەی مێژوویی بە مرۆڤ دەبەخشێت. هەر کات ڕووگەی بزووتنی مێژوویی بناسین و لەوە تێبگەین، کە مێژوو بەرەو کام لایەن ڕێگە دەبڕێت، بە ناسینی ئەو جەبرە دەتوانین بە ئاسانی لە رەوتی مێژوودا بئاژوێین. تەنانەت مرۆڤەکان دەتوانن

بە ناسینی پێویستیی مێژوویی رووداوی ئەو خێزانە بکەن و وەپێشیبخەن.

ئەگەر مرۆڤ رێگەی مێژوویی خۆی بناسێنەوە و هەوڵبدات زووتر ئەو رێگەیە ببڕێت، ئەوە رووندە کە ئازادە، چونکە هەم مەنزڵگە دەناسێت و هەمیش ئاگاهانە و لەروی ئیرادەوە بۆ کوورنکردنەوەی هەوڵدەدات، لێرەدا دەگەڕێینەوە سەر ئەو وتە پڕ ناوەڕۆکەی هێگڵ کە دەڵێت:«ئازادیی بڕیتیە لە نێگەیشتن لە پێویستیی و واقعییەت.»

هۆکارەکانی بەرهەمهێنان_ سەرچاوەی سامان

هۆکارەکانی بەرهەمهێنان وا باوە کە کار، سەرمایە، سروشت و ئەنانەت بەڕێوەبەرێتیی، بە هۆکارە گرنگەکانی بەرهەمهێنان، وانە ئەو شتانەی لە بەرهەمهێناندا رۆڵی بنەڕەتیی دەگێڕن، بزانرێت، بەڵام لێرەدا پێوستە بزانین، چ شتێک لە بەرهەمهێناندا سەرەکی و بنەڕەتییە: لەراستیدا ئەو سامانەی کە لە بەرهەمهێنان دەکەوێنەوە، ئاکامی چییە و سەرچاوەکەی کامەیە؟

کاتێک کە ئێمە باس لە بەرهەمهێنان دەکەین، مەبەستمان لە بەرهەمهێنان لە گشت سەردەمەکانی مێژووی مرۆڤە. دەمانەوێ هۆکارە سەرەکی و بنچینەییەکانی، بەرهەمهێنەریی سامانە مادییەکان بناسین، بەڵام بەر لەوەی کە بچینە سەر ئەو باسە، هەندێک لە بۆچوونە کۆنەکان لەبابەت هۆکارە بنەڕەتییەکانی بەرهەمهێنان و سەرچاوەی سامان، دەدەینە بەرباس.

قوتابخانەی سەوداگەران

ئەوکاتەی لویس سێزدەیم لە فەرەنسا پاشایەتی دەکرد، ئەنانەت بەرلەویش، هەندێک لەو کەسانەی کە لە دەوروبەری مەسەلە ئابوورییەکان ئوێژینەوەیان دەکرد، هاتنە سەر ئەو بڕوایەی کە سامانی راستەقینەی وڵاتێکن، ئەنیا بەپێی رادەی کانزا گرانبەهاکان، وانە ئاڵتون و زیوی ئەو وڵاتە بۆ دەردەکەوێت. ئەوان دیانوت کە سەرچاوەی سامان، ئاڵتون و زیوە، کەواتە پێویستە بازرگانی زیاتر بکرێت و تا دەکرێت ئاڵتون و زیو هاوردەی ناو وڵات بکەیت. لەو بڕوایەدا بوون کە دەبێ ئاڵتون و زیوو بە هیچ نرخێک لە وڵات نەبڕێنە دەرەوە، پێیانوابوو ئەو بازرگانانەی کە کاڵاکانی ئەو وڵاتە بەمەبەستی فرۆشتن هەناردەی وڵاتانی دیکە دەکەن، دەبێ بە گوێرەی ئەوان ئاڵتون و زیوو بهێنن ناو وڵات، هەروەها ئەو بازرگانانەی کە کاڵای دەرەکیان هاوردە دەکرد، دەبوایە بەپێی ئەو کاڵا هەناردە بکەن، تا سامانی کۆمەڵ_ کە بەبڕوای قوتابخانەی سەوداگەران ئاڵتون بوو_ لەکیس نەچێت. دوو کەس لە پێڕەوانی ئەو قوتابخانەیە لە فەرەنسا ، «سولی» وەزیری لویی سێزدەیەم، «کێلبر» وەزیری لویس چواردەیەم بوون.

فیزیۆکراتەکان

دکتۆر «کنە»ی فەرەنسی دامەزرێنەری بیروبۆچوونەکانی فیزیۆکرانەکان بوو. ئەو و پێڕەوانی لەوبڕوایەدا بوون، کە ئەنیا کاری وەرزێریی و جوونیاریی بە کاری بەرهەمهێنەر، هەژمار دەکرێن. لەراستیدا سەرچاوەی سامان لە زەوی و کشتوکاڵدایە. بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، ئەنیا بەرهەمی راستەقینەن. ئەو روانگەیە کە لە نیوەی دووهەمی سەدەی ١٨ لە فەرەنسا سەریهەڵدابوو، لەراستیدا کاردانەوەیەک بەرامبەر بە قوتابخانەی سەوداگەران بە هەژمار دەهات.

زیاتر شیدەکەینەوە، هەروەک پێشتر وتمان: سەدەی (١٨)سەردەمی شەڕی دەرەبەگ و بازرگانەکان دژبەیەک بوو. ئەو شەڕە لە هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپایی، بەتایبەت لە فەرەنسا ، لەگۆڕێدا بوو.

لە دەمێک لەمەوبەرەوە، وانە لە کۆتاییەکانی سەدەی (١٥)و سەرەتای سەدەی (١٦)، ئاڵوگۆڕێک رووياندابوو کە یارمەتی زۆری بە گەشەی چینی بازرگان و بازرگانانەپیشە دەدا.

یەکێک لەو گۆڕانکاریانە دۆزینەوەی ئەمریکا بوو کە لە کۆتاییەکانی سەدەی (١٥)رووید. ئەو دۆزینەوەیە بووە هۆی گەشەی بازرگانی، هەروەها شۆڕشی پیشەسازیی لە بریتانیا و گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان لەو وڵاتەدا زیاتر لە پێشوو چینی تازە دەرکەوتوو، وانە بازرگانەکانی بەهێز کرد و بووە هۆی ئەوەی کە ئەو چینە لە روانگەی ئابورییەوە، گرنگییەکی زۆر دەستەبەر بکات. قوتابخانەی سەوداگەران، لە بنەڕەتدا قوتابخانەیەک بوو کە لە ئاکامی گەشەی بازرگانی و بازرگان و سەهەڵدانی چینی تازە دەرکەوتووی بازرگانەکاندا هاتبووە گۆڕێ.

بەڵام دەرەبەگەکان لە پێشکەوتنی بازرگانەکان نارازی بوون: لە

بەرامبەر بۆچوونەکانی قوتابخانەی سەوداگەراندا بێدەنگ نەمانەوە. ئەوان قوتابخانەی فیزیۆکراتەکانیان بوونیادنا، کە بە پێچەوانەی سەوداگەران (کە سامانی کۆمەڵیان بە ئاڵتون و زیو پێوانە دەکرد)، سەرچاوەی سامانیان بە کشتوکاڵ و زەمینداریی پێناسە کرد.

لە سەدەی (١٧)، ویلیام پێتی ئابوریزانی نیشتمانی بریتانیایی، یەکەمین باسی زانستیی لەبابەت سەرچاوەی سامانی مرۆڤ هێنایە ئاراوە. ئەو دەڵێت: کار باوک و زەوی دایکی گشت سامانە ئابورییەکانە.

ئادەم سمیت

ئادەم ئیسمیث بەپێچەوانەی فیزیۆکراتەکان کە زەویان بە سەرچاوەی سامان دەزانی، بە هۆکارگەلێکی زانستی سەلماندی، کە سەرچاوەی سامانی مرۆڤ کارە. ئەو کۆمەڵی مرۆیی بە کارخانەیەک شوبهاند، کە هەرکەسەو ئێبدا خەریکی کارێکە. ئەو لەو باوەڕەدایە کە بەهۆی دابەشکردنی کار لە کۆمەڵدا هەرکەسە و بە کار و جۆرێک لە بەرهەمهێنانەوە خەریکە. بەگشتی لە ئاکامی کاری ئەو بەرهەمهێنەرانە، سامانەکانی کۆمەڵ پێکدێن. ئەو وتەیەی کە سەرچاوەی سامانی مرۆڤ کارە، گەورەترین دۆزینەوەی ئادەم سمیث و گەورەترین شانازی ئابوری سیاسی بریتانیایە. هەروەک پێشتر باسمان کرد ریکاردۆش لە گەڵ ئادەم سمیشدا هاوڕا بوو. بەگشتی دەکرێت بڵێین کە بیروبۆچوونەکانی ئادەم سمیث و ریکاردۆ، بۆ زانستی ئابوری بوو بە کۆڵەکەیەکی زانستیی و بەشێوەیەکی بێهاوتا بەرەوپێشی برد.

ئێستا با بزانین لە نێوان ئەو هۆکارانەی کە وەک هۆکاری بەرهەمهێنان دێنە هەژمار، کامیان سەرەکیی و بنەڕەتین. لە سروشتەوە دەست پێدەکەین.

سروشت

گومان لەوەدا نییە کە مرۆڤ لە زەوی و ئەو مەوادانەی لە سروشتدا بوونیان هەیە، هەروەها لە ئاو، هەوا، ئیشک، ئین و ئاڤگە کەڵک وەردەگرێت. هەروەک دەزانین ئەو کەڵکانەی کە مرۆڤ لە سروشت وەریدەگرێت، بە دووجۆر بەڕێوە دەچن: یان لەو کەرەستە و شتانەی کە لە سروشتدا بوونی هەیە، بە شێوەی ئامادە کەڵک وەردەگرێت، یان ئەوەی گۆڕانکاریان ئێدا پێکدێنێت، وانە کاریان لەسەر دەکات. مرۆڤ بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە سروشتدا پێکیان دێنێت، سروشت بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆی ئامادە دەکات، هەروەها ئەوە گۆڕانکاریی کردن لە سروشتدایە بە مەبەستی دابینکردنی

پێداویستییەکانی ژیان کە ناوی بەرهەمهێنانە. ئەوە راستە کە مرۆڤ بەهرە لە زەوی وەردەگرێت و زەوییە کشتوکاڵییەکان بە بەرهەمەکانیان ئاڕادەیەکی زۆر، پێداویستییەکانی ژیان دابینەدەکەن، بەڵام پێویستە بوترێت زەوی بەیار یان زەویەک کە کاری لەسەر نەکراوە، هیچ بەهایەکی نییە. ئەگەر هاتوو لە زەوییەکدا کە کاری لەسەر نەکراوە، رووکێک بڕوێت بۆ مرۆڤ بەسود بێت، پێویستە بوترێت کە وەها زەوییەک ناچێنە رەوتی بەرهەمهێنان، چونکە وتمان بەرهەمهێنان لەو کاتەوە دەسپێدەکات کە مرۆڤ بەکاری خۆی، گۆڕانکاری لە سروشتدا پێکبێنێت.

سەرمایە

لە روانگەی ئابورییەوە، سەرمایە بەو سامانانە دەوترێت کە مرۆڤ بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆی بەکاری ناهێنێت، بەڵکو بەمەبەستی بەرهەمهێنانی سامانی زیاتر دیخاتە گەڕ. بۆ وێنە خاوەن کارخانەیەکی ئۆتۆمبێل سازی، خاوەن سامانێکە کە بڕیتییە لە هەمان کارخانە و ئامێرەکانی. ئەوانەش بە سەرمایەی خاوەن کارخانە دێنە هەژمار. لەو رووەوە کە خاوەن کارخانە سامانەکەی بۆ بەرهەمهێنانی سامانی زیاتر خستوەتەگەڕ، بە سامانەکەی دەوترێت سەرمایە.

زیاتر رەواڵی کار بەمجۆرەیە کە دەبینین، سەرمایەیەک دەخرێتە گەڕ و کرێکارانێکی خەریکی کار دەبن، ئا چەرخی بەرهەمهێنان بکەوێتە جوڵەو یەکە بەرهەمهێنەرەکە دەستبکات بە بەرهەمهێنان.

بەڵام ئابوریزانان و زانایانێکی زۆر لەوبارەیەوە دەڵێن، کە سەرمایە خۆی

جۆرێک کارە. بەو جیاوازییەوە کە سەرمایە کارێکی کۆکراوە و چڕە کە کەونووەتە خزمەتْ سەرمایەدارەوە.

هەروەک دەزانین لەپاش شۆڕشی مەزنی فەرەنسا، ئەنانەتْ گەلێک دوانڕیش، لە کۆمەڵی ئەوروپاییدا، کەرەسەکانی بەرهەمهێنان کەونەتە ئیختیار کارخانەدارە گەورەکان. لەو سەردەمەدا جووتیارانێک کە لەئاکامی شکستی سیستمی دەرەبەگایەتی و نوشستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی، هێرشیانکردە شارەکان و دەستکورتی شار، بەهۆی بێبەشی لە کەرەسەکانی بەرهەمهێنان و نەبوونی ڕێگەچارەیەکی ئر بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانیان، ناچار بوون لە کارخانەکاندا دەستْ بکەن بە کار کردن، بەڵام کارخانەکان کەونەتە دەستْ کارخانەدارەکان. ئەو کرێکارانەی کە لەواندا کاریان دەکرد، لەراستیدا هێزی کاری خۆیان بە سەرمایەدا دەفرۆشتْ، بەڵام سەرمایەدار هیچکاتْ، نرخی کاری ئەو خەڵکەی بەپێی بەهای راستەقینەی ئەو، بە کرێکاران نەدەدا.

بەڵام چەرخی بەرهەمهێنان دڕێژەی بەکاری خۆی دەدا و کرێکاران بە کاری خۆیان دڕێژەیان بە بەرهەمهێنانی سامان دەدا. بەمجۆرە بەشێک لە نرخی کارەکە بەڵای خاوەنانی کەرەسەکانی بەرهەمهێنانەوە دەمایەوە. بە درێژایی زەمان، لەسەر یەک کەڵەکە دەبوو و نا ئەوەی کە بەشێوەی سەرمایەیەکی گەورە دەردەکەوتْ. بەمجۆرە دەبینین کە سەرمایەش شتێک نییە بێجگە لە کاری کەڵەکە کراو و چڕکراوە.

کار

بەم پێشەکیانەوە بەو ئاکامە دەگەین، کە ئەنیا هۆکاری سەرەکی و بنەڕەتیی لە بەرهەمهێناندا کارە. بە درێژایی مێژوو سەرچاوەی سامانە مرۆییەکان کار بووە. هەڵەی سەوداگەران لێرەدا بوو، کە پێیانوابوو بەهای ئاڵتون لە خودی ئەو دایە. لەحاڵێکدا بەهای ئاڵتون و زیوو و هەر شتێکی گرانبەهای ئر، لەو کارەوە سەرچاوە دەگرێتْ کە لە سەریکراوە و ئێیدا چڕ بووەتەوە. ئەگەر ئاڵتون بەچەشنی بەرد زۆر بوایە، بۆ دۆزینەوەی کارێکی ئەوتۆ پێویستْ نەبوو، بەهاکەشی بەچەشنی بەرد کەم بوو. بۆ وێنە ئیسپانیا لە سەدەکانی (١٦ و ١٧)بە ئەنباری ئاڵتونی جیهان ناوی دەرکردبوو، دیتما کە بەرشکەستْ بوو.

پێڕەوانی سەوداگەران کە لەسەردەمی پشکوتنی پیشەسازیی و بازرگانیدا دەژیان، بە شەوقەوە خەڵکیان بۆ کۆکردنەوەی ئاڵتون هاندەدا، بەڵام لەوە بێ ئاگابوون کە کەڵەکەکردنی ئاڵتون ئایەتْ بە سەردەمی ئەوانە و نابێتْ بۆ گشتْ سەردەمەکان بە گونجاوی بزانن.

فیزیۆکراتەکانیش کە بە هەوڵەکانی خۆیان دواهەمین ئەقەلاکانی مانەوەی دەرەبەگایەتیان دەدا، نەیاندەزانی زەوی ئەنیا لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا ڕۆڵێکی گەورە لە بەرهەمهێناندا دەگێرێتْ. ئەوان نەیاندەزانی کە زەوی سەرچاوەی سامان نیە، بەڵکو بەرینترین کەرەسەی بەرهەمهێنانە لە سەردەمی زەمینداریدا.

راستییەکەی ئەوەیە کە هەندێک دوو ڕواڵەتْ و شێوەکاریان، لە دوو فۆرماسیۆنی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی وائە هێمای زەوی و سەرمایە بە سەرچاوەی سامان هەژمار دەکرد.

بەشێک لە نرخی کارەکە بەلای خاوەنانی کەرەسەکانی بەرهەمهێنانەوە دەمایەوە. بە درێژایی زەمان، لەسەر یەک کەڵەکە دەبوو و نا ئەوەی کە بەشێوەی سەرمایەیەکی گەورە دەردەکەوتْ

هەروەک دیتمان، زەوی بەواتای ئەو زەویەیە کە ئێیدا بەرهەمهێنان ڕووەدات لەگەڵ سەرمایە، هەردووکیان کارێکن کە بەشێوەی جیاواز دەرهاتوون.

فۆرماسیۆنە کۆمەڵایەتیی و ئابورییەکان

فۆرماسیۆن لە وشەدا بەواتای ریزبەندیی دێتْ. بەواتایەکی ئر، کۆمەڵێک لە شێوەکان، ریزبەندیی و فۆڕمەکان کەلەگەڵ یەکتریدا گونجاوبن و خاوەن جۆرێک لە هاوئاهەنگی بن. لە کۆمەڵناسیدا، فۆرماسیۆن بە شێوەگەلێک لە ئابوری، سیاسی و ئایدۆلۆژیک دەوترێتْ کە لەگەڵ یەکتریدا بگونجێن.

ئێستا دەمانەوێ بزانین کە ئەو گونجاوییە لەسەر چ پایەیەکە و بنەمای هەر ریزبەندییەکی ئابوری کۆمەڵایەتیی چییە؟ بەڵام بەرلەوە دەچینە سەر ناونێکردنی ئەو

بیروبۆچوونانەی کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی فۆرماسیۆن.

دەبێ سەرنج بەوە بدرێت کە مانای «گەشەکردنی کۆمەڵایەتی» ناکرێ تەنیا بە تەنجامگیرییەکی دەسنەبژێرکراوی زەینی، بەیان بکەین. بۆ وێنە دروسنە کە کۆمەڵ لە حاڵی جوڵەدایە و لە رەوتی بزووتنی خۆیدا گەشەدەکات، بەڵام پێوسنە بزانرێت کە مێژووی مرۆڤ چۆن دەبزوێت و چۆن گەشەکردن بەخۆیەوە دەبینێت. بۆ نمونە دەبێ بزانین کە مرۆڤ کام قۆناغی لە ماوەی گەشەکردنی مێژوویی خۆیدا پشنسەر ناوە. بۆچوونی زانسنیی مێژوو، وەک مێژووی گەشەکردن و پێشکەوتنی فۆرماسیۆنە ئابورییەکان لە مێژوو دەڕوانێت.

مانای فۆرماسیۆنی ئابوری و کۆمەڵایەتی، یەکێک لە گرنگترین دۆزینەوەکانی کۆمەڵناسییە. لە بۆچوونە کۆمەڵایەتییەکانی رابردودا، سەرنجێکی زۆر بە سروشت و خوخدەی کۆمەڵ بەخشراوە، بەڵام بەردەوام کۆمەڵ بەشێوەی بەناک و لاوەکی، ناونۆرێ کراوە.

ئێوری گرێبەسنە کۆمەڵایەتییەکان کە لە سەدەکانی (١٧ و ١٨)باو بوون، لەسەر دوو بنچینەی سەرەکی جێگیر بوون:

١ــ بەپێی ئەو بۆچوونە کۆمەڵ و دەوڵەت، شنێکی هاوچەشن بوون، وانە لەو ئێورییەدا هەرکاێک باسی کۆمەڵ دەکرا، مەبەست مانای دەوڵەت بوو.

٢ــ ئەو ئێورییە شنێکی سروشنی لە کۆمەڵدا نەدەدیت. وانە باوەڕی بە سروشنی کۆمەڵایەتی مرۆڤ نەبوو. بۆچوونی گرێبەسنی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵی بە فۆرماسیۆنێکی دەسکرد پێناسە دەکرد. بەو پێیەی کە بەگوێرەی ئەو بۆچوونە، کۆمەڵ لەسەر بنەمای گرێبەست و رێککەوتنی نێوان ناکە جۆراوجۆرەکان، پێکهاتووە.

هابس (Hobbs) لەمبارەیەوە دەڵێت: داهێنانی مرۆڤ «لەوی یەنان» یێکی گەورەی دروسنکرد کە ناوی دەوڵەنە. ئەو بوونەوەرە سەیرە مرۆڤێکی دەسنکرد و هەڵەبەنە بەهێز و گەورەنرە لە مرۆڤی ئاسایی، کە بەدەسنی مرۆڤ چێکراوە بۆ پشنیوانی و پشنگیریی کردنی خۆی.

مێژوونووسانی سەردەمی نوێبوونەوەی پاشایەنیی لە فەرەنسا ، پەیمان بەوە بردبوو کە ناکرێ ئاسنی شارسنانییەنی کۆمەڵگەیەک بە پێی دامەزراوە سیاسییەکانی بەیان بکەیت، وانە ئێمە نانوانین دۆخی کۆمەڵ نەنیا بە لەبەرچاوگرنتی بارودۆخی سیاسی بدەینە بەر لێکدانەوە.

چونکە دامەزراوە سیاسییەکان لەجیاتی ئەوەی کە خۆیان هۆکار بن، بەرەنجامی گەشەکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەنین. پێکهاتەی کۆمەڵ، شێوەی ژیانی مرۆڤەکان، پەیوەندییەکانی نێوان چینە جۆراوجۆرەکان_ لەئاکامدا لە یەک وشەدا،»ژیانی مەدەنی»_ ئەو کۆمەڵە شنانە بوون کە مێژوونووسانی ئەو سەردەمە، وەک کلیلی نێگەیشنن لە ئالۆزیی چەمکی مێژوو و کۆمەڵ بۆیان دەڕوانی. ئەگەرچی ئەو مێژوونووسانە بەشێوەی سەربەخۆ ژیانی مەدەنی کۆمەڵیان دایە بەرباس و ناونۆێکردن، بەڵام نەیاننوانی سەرچاوەی ژیانی مەدەنی بدۆزنەوە.

بەڵام دامەزرێنەرانی کۆمەڵناسیی زانسنیی، لەم بوارەدا گەلێک زیانر پێشکەوتنیان بەخۆوە دیت. ئەوان سەلماندیان کە دەبێ لە هەلومەرجی مادیی ژیانی کۆمەڵدا بەشوێن ریشە و سەرچاوەکانی پەیوەندییە ئابورییەکان و شێوەازە جیاوازەکانی دەوڵەندا بگەڕێیت. دەکرێ ناوی کۆی ئەم هەلومەرجە مادییە بنێیت «کۆمەڵی مەدەنی». شرۆڤە و ناونۆێکردنی ئەم کۆمەڵە نەنیا لە رێگای ئابوری سیاسییەوە دەسنەدات، چونکە هەروەک وتمان، کۆمەڵی مەدەنی، کۆمەڵێک پەیوەندیی ئابوری دیاریکراوە کە لە نێوان مرۆڤەکاندا بوونی هەیە، کەوانە ئابوری سیاسیی کە پەیوەندییە ئابورییەکانی کۆمەڵ دەداتە بەر ناونۆێکردن، دەبێ بچێنە سەر شرۆڤە کردنی کۆمەڵی مەدەنی.

لە پاش ئەو دۆزینەوەیەی کۆمەڵناسانی زانسنیی، دەرکەوت کە دەبێ لە شێوەی بەرهەمهێناندا بەشوێن ناونۆێکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەنیی و مەدەنییەکاندا بچین. بەو مانایەی کە ئەو پەیوەندیانەی لە نێوان مرۆڤەکاندا لەگۆڕێدایە، لە دواهەمین لێکدانەوەدا دەچێنەوە سەر بنەمای پەیوەندییە ئابورییەکانیان، بەڵام لە نێوان ئەو پەیوەندییە جیاواز و جۆراوجۆرانەی کە لە کۆمەڵدا بوونیان هەیە (وەک پەیوەندییەکانی قانونی و بەڕێوەبەرێنی، بنەماڵەیی...) بەربڵاوترین و سەرەکینرینی ئەوان، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانە، چونکە ئەگەر ئەوەمان قبوڵ بێت، کە هەلومەرجی ژیانی مادیی مرۆڤ دیاریکەری هەلومەرجی مەعنەویەنی، دەبێت قەبووڵی بکەین کە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە پێشەوەی هەموو شنێکەوەیە.

مێژوونووسانی سەدەی (١٩)، کۆمەڵی مەدەنیان بە کۆمەڵێک لە پەیوەندیەکانی خاوەندارێنی دەزانی. پەیوەندییەکانی خاوەندارێنی، وانە

ئەو پەیوەندیانەی کە دیاریکەری خاوەندارێتی کەسەکانە بەسەر سامانی کۆمەڵ.

ئەگەر جوان سەرنج بدەین، لە نێوان جۆری خاوەندارێتییەکانی ئەواندا، خاوەندارێتی کەرەسەکانی بەرهەمهێنان لە گشتیان گرنگتر و سەرەکیترە، چونکە دەزانین کە مرۆڤ چێکەری ئامرازەکانە و بە ئامرازەکانیشێتی کە دەتوانێت بەسەر سروشتدا زاڵ بێت و لەبەرژەوەندیی خۆیدا گۆڕانکاریی تێدا بکات. بە بەکارهێنانی ئامرازەکان و کەرەسەری بەرهەمهێنانە کە دەتوانێت پێداویستییەکانی خۆی دابین بکات.

کەواتە بەو ئاکامە دەگەین کە گرنگترین پەیوەندییەکانی کۆمەڵ، هەر هەمان پەیوەندییەکانی خاوەندارێتیی بەسەر ئامراز و کەرەسەکانی بەرهەمهێناندا، بەڵام پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان_ بەو مانایەی کە ئامراز و کەرەسەکانی بەرهەمهێنان هی چ کەسێکن_ خۆی دیاریکەری گشت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. لەراستیدا، دەکرێت بڵێین کە بنەمای کۆمەڵی مەدەنی، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانە. بۆ وێنە دەزانین کە بەر لە شۆڕشی فەرەنسا ، ئا رادەیەک و دواتریش بەگشتی، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتۆ، گشت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کەونە بەر گۆڕان ، دەسەڵاتۆ ژێروژوور بوو، پەیوەندییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گۆڕا و بیروبۆچوونەکانیش بەگشتی گۆڕانکاریان بەسەردا هاتۆ. دۆخی حکومەتۆ و دەزگای بەڕێوەبەریی فەرەنسا لەپاش شۆڕش، خۆی لەگەڵ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنای ئەوکاتدا گونجاند. بەو مانایەی کە بازرگانان و کارخانەدارەکان کە خاوەنانی کەرەسەکانی بەرهەمهێنان بوون، شێوەیێکی نوێیان بە دەسەڵاتۆ و داموەدەزگای بەڕێوەبەریی بەخشی.

بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێتۆ کە هەر جۆرێک لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، پێویستی بە داموەدەزگای بەڕێوەبەریی و سیاسی خۆی هەیە کە بەگشتی ریزبەندییەکی یەکدەستۆ پێکدێنێتۆ، هەر ئەو ریزبەندییەشە کە ناوی فۆرماسیۆنە. لە باسەکانی رابردودا بۆمان دەرکەوتۆ کە لە ماوەی مێژوودا پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دەگۆڕێن و جێگای یەکتر دەگرنەوە. بەم پێیە دەبێ بوترێتۆ کە لە ماوەی مێژوودا فۆرماسیۆنگەلێکی جۆراوجۆر بەدیدێن و بەردەوام لە ڕەوتی گەشەکردندا، فۆرماسیۆنێک جێگای فۆرماسیۆنێکی تر دەگرێنەوە. بەپێی ناکۆکیی لە فۆرماسیۆنەکاندایە کە ئێمە دتوانین ریشەی ناکۆکی نێوان کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان درک بەکەین.

بۆ ناسینی قۆناغەکانی گەشەکردنی مێژوویی، پێویستە سەرنج بدەینە پێکهاتەی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵ. بۆ نمونە بۆئەوەی سەردەمی دەرەبەگایەتی باش بناسین، دەبێ سەرنج بدەینە فۆرماسیۆنی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەردەمی دەرەبەگایەتی. هەندێک لە مێژوونوسان ئەنیا خۆیندنەوە بۆ دەزگای بەڕێوەبەرێتیی و سیاسی دەرەبەگایەتی دەکەن و کاریان بەسەر پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و پێکهاتەی ئابووری ئەوەوە نییە. ئەوە ڕوونە کە وەها خوێندنەوە و ناونوێکردنێک بە ئاکام ناگاتۆ، چونکە پێویستە فۆرماسیۆنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی دەرەبەگایەتی بدەینە بە ناونوێکردن.

مێژووی مرۆڤایەتی ئا هەنوکە چەندین فۆرماسیۆنی بەخۆیەوە دیتووە: کۆمەڵی هەرەوەزیی سەرەتایی. کۆیلەداریی، دەرەبەگایەتی، سەرمایەداریی، کۆمەڵداریی.

ئێگەیشتن لە چۆنییەتی و بنەڕەتی فۆرماسیۆن، ڕێگەمان پێدەداتۆ ئا بۆمان دەرکەوێتۆ کە لە راستیدا پلەی گشەکردنی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، کۆڵەکە و بنەمای هەر فۆرماسیۆنێکی کۆمەڵایەتی و ئابورین. بە ئێگەیشتن لە واتای فۆرماسیۆن، روونەدبێنەوە کە هەر کۆمەڵێک، فۆرماسیۆنێکی مێژوویی و سروشتییە. واتا بەشێوەی دەسکرد و گرێبەستیی پێک نەهاتووە، لە لایەکی تریشەوە جیاوازی نێوان ئەو کۆمەڵانەی کە لەماوەی مێژووی مرۆڤایەتیدا پێکهاتوون، لە ناکۆکی جۆری فۆرماسیۆنەکانەوە سەرچاوە دەگرێتۆ.

یەکێک لە زانایان دەڵێتۆ:«پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە گشتییەتی خۆیدا هەر ئەو شتە پێکدێنێتۆ کە پێی دەوترێتۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. لەسەر بنەمای پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانیشە کە بە پلەیەک لە گەشەکردنی خۆی دەگاتۆ کۆمەڵێک بە تایبەتمەندیگەلێکی جیاواز و بنچینەیی». ئەو زانایە پێداگریی دەکاتۆ کە گشتۆ فۆرماسیۆنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، بەپێی جۆرێکی دیاریکراو لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لێک جیادەکرێنەوە، ئەو پەیوەندیانەی پێکهێنەرەی فۆرم و سەرچاوەی ئەون لە فۆرماسیۆنەکانی تر جیای دەکانەوە.

بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە واتای فۆرماسیۆنی ئابووری و

کۆمەڵایەتیی، ئایەنە بە پێکهاتەی ئابووریی کۆمەڵ، بەڵکو ئەو فۆرماسیۆنە هەروەها لەخۆگری سەرخانێکیشە کە پێکهاتەی ئابووری کۆمەڵ، کۆڵەکەکەیەتی. بە واتایەکی تر، مانای فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتیی، بریتییە لە گشت ڕواڵەتەکانی ژیانی کۆمەڵ لە قۆناغێکی دیاریکراو لە گەشەکردنیی مێژوویی خۆیدا.

زۆربەی کات ئەو پرسیارە دێنە بەرەوە، کە ئایا هێزە بەرهەمهێنەرەکانیش، بەشێکن لە فۆرماسیۆنی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی؟

بەڵای هەندێکەوە وەڵامەکەی، سلبیە، بەڵام ئەوە ڕوونە کە فۆرماسیۆنە ئابوریی و کۆمەڵایەتییەکان خاوەن کۆڵەکەی مادیی و تەکنیکی ئایبەت بەخۆیان و ئەو هێزە بەرهەمهێنەرانەن کە دەرخەریانە. وەک چۆن سەرمایەداریی، بەرهەمهێنانی گەورە و میکانیزەی خستنە جێگای بەرهەمهێنانی پەرتەوازە کە لەسەر بنەمای کاری دەستیی بوو.

بەپێی ڕەواڵ، گشت فۆرماسیۆنە ئابوریی و کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنچینەی ئەو هێزە بەرهەمهێنەرانە شێوە دەگرن کە لە فۆرماسیۆنی پێشوودا پێکهاتوون، بۆ وێنە بەر لە شۆڕشی مەزنی فەرەنسا و سەرهەڵدانی فۆرماسیۆنی ئابوری و کۆمەڵایەتیی سەرمایەداریی، هێزە بەرهەمهێنەرەکانی سەرمایەداریی لە هەناوی کۆمەڵی دەرەبەگایەتیدا شێوەیانگرت. بەو مانایەی کە بەرهەمهێنانی بەرینی پیشەسازیی، جێگای بەرهەمهێنانی دەستیی گرتەوە.

ئامراز و ئامێرگەلێکی نوێ بۆ بەرهەمهێنان هاتنە گۆڕێ و هێزە بەرهەمهێنەرەکان بەچەشنێکی بنەڕەتیی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات. لێرەدا ناکۆکیی و دژبەرییە پێکهات. بەو مانایەی کە شێوەکانی پێکهێنەری فۆرماسیۆنی دەرەبەگایەتیی، هاوئاهەنگی خۆی لەدەستدا.

گۆڕانکاریگەلێکی زۆر گەورە کە لە هێزە بەرهەمهێنەرەکاندا پێکهات، (سەرهەڵدانی مەکینەی هەڵمیی، بەکارخانەبوونی کارگاکانی پیشە دەستییەکان، لەناوچوونی وەستا و شاگردی لە پیشەسازی، سەرهەڵدانی کرێکاری پیشەسازیی) دۆخی هێزە بەرهەمهێنەرەکانی ژێروژوور کرد. ئەوانەش کە ئامرازەکانیان بەکاردەهێنا گۆڕابوون، کەواتە دەتوانین بڵێین بەگشتی، هێزە بەرهەمهێنەرەکان کەوتنە ژێر کاریگەریی گۆڕانکاریی و گەشەکردنەکان، بەڵام پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان هەنووکەش دەرەبەگایەتیی و لە ئیختیاری ئەواندا بوو. شێوەکانی بەرێوەبەرێتیی و سیاسیی کۆمەڵ، ئەوەی کۆمەڵی مەدەنی پێدەوترێت، تا ئەو کاتیش لە بەرژەوەندیی دەرەبەگەکاندا بوو.

هێزە بەرهەمهێنەرەکان، ببوونە هێزگەلێکی بەرهەمهێنی سەنعەتیی. لەحاڵێدا کە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دەرەبەگایەتیی بوو. ئەو ناکۆکییانە کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی بەرەو نابوودی برد. لەئاکامدا هەلومەرجێک هاتە بەرەوە کە شۆڕشی مەزنی فەرەنسا و شۆڕشە گرنگەکانی تری ئەورپای لێکەوتەوە.

پێرس

کەواتە پەیوەندییەکانی سەرمایەداریی و بەرهەمهێنانی ئایبەت بەو فۆرماسیۆنە، لە هەناوی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتیدا فۆرمی گرت. لەراستیدا دەتوانین بڵێین کە سەرهەڵدانی هەر فۆرماسیۆنێکی نوێ، بەهۆی سەرهەڵدانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی نوێ و گۆڕانی دۆخی هێزە بەرهەمهێنەرەکانەوەیە،

کەوانە بەو ئاکامە دەگەین، ئەگەرچی هێزە بەرهەمهێنەرەکان کۆڵەکە و بنچینەی هەر فۆرماسیۆنێکی ئابووری و کۆمەڵایەتین، بەڵام ناکرێ ئەواوەن وەک بەشێک لە فۆرماسیۆنێک هەژمار بکرێن، چونکە دینامان کە ئەو هێزانە بەردەوام خێراتر لە کۆی فۆرماسیۆنەکان، جووڵە دەکەن و دەچنە بەرەوە.

رۆڵی سەرخانی ئایدۆلۆژیک

ژیانی کۆمەڵایەتی ڕەهەندگەلێکی جۆراوجۆری هەیە و دەبێ بونرێت کە ئەنیا بە ئابووری، وانە چالاکییە مادییەکان، بەرئەسک نابێنەوە. هەروەک پێشتر باسمان کرد: کۆمەڵ بریتییە لە کۆی زەنجیرەیەک لە پەیوەندییەکانی ئابووری، سیاسی، بەڕێوەبەرایەتیی... هەروەک دەزانین کۆی ئەمانە فۆرماسیۆنیان پێدەونرێت. ئەوە ڕوونە کە لەو نێوانەدا بیروبۆچوونە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن. وەک ونمان: ئایدۆلۆژی، لە هەر فۆرماسیۆنێکی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا وێناکەرەوەی ڕژیمی ئابوورییە، بەڵام پێویستە بونرێت کە لە هەمانکاتیشدا ئایدۆلۆژیا چالاکییەکانی مرۆڤ ئاڕاستە دەکان و کاریگەریی بەسەر چالاکییەکانەوە هەیە. ڕوونە کە ئەو چالاکیانە، چالاکییە ئابوورییەکانیش دەگرێنەوە. یەکێک لە زانایان ونوویەنی:«ئەگەر ئایدۆلۆژیا لەسەر بنەمای پێویستیی و پێداویستییە مێژووییەکان بێت، دەبێتە هێزێکی مادیی».

دەبێ بونرێت کە بیر و ئەندێشەکان لەگەڵ یەکتریدا جیاوازن. لە نێوان ئەو ئەندێشانەدا ئەنیا ئەوانە کاریگەرن کە لە هەناوی ژیان و چالاکییە مرۆییەکاندا فۆرمیان گرنووە. هەندێک لە بۆچوونەکان خزمەت بە پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵگە دەکات و هەندێکیشیان، بە پێچەوانەوە دەجووڵێنەوە. بەو مانایەی کە دەبێتە هۆی خاو بوونەوەی جووڵە و گەشەکردنی کۆمەڵ.

مرۆڤەکان، بەپێی پێگە و هەلومەرجی مادیی خۆیان، لەگەڵ یەکتریدا دەچنە ناو پەیوەندییەکی ئایدۆلۆژیک. پەیوەندیی ئایدۆلۆژیک، بەنۆبەی خۆی کاریگەریی لەسەر هەلومەرجی مادی و ئابوریی کۆمەڵ دادەنێت. بەمجۆرە سەرخانی ئایدۆلۆژیک، وانە چالاکییە فیکریی و مەعنەوییەکانی مرۆڤ، ئەنیا ڕەنگدانەوەیەکی ناچالاکی هەلومەرجی ئابوری کۆمەڵ نین، بەڵکو هەروەک ونمان، کاریگەریی لەسەر چالاکییە ئابوورییەکان دادەنێن، خێرا یان خاوی دەکەنەوە. بەرئەسککردنەوەی ڕووداوە مێژووییەکان ئەنیا بە کەوشەنی ئابووری، بە مانای ئەوەیە کە کۆمەڵەی ئاڵۆزی کۆمەڵ و کاریگەرییە بەرامبەریەکانی کار و پەیوەندییە جۆراوجۆرەکان، لەبەرچاو نەگیراوە. بۆچوونی زانستیی مێژوو، لەراستیدا کۆمەڵ بە کۆمەڵەیەکی ئاڵۆز لە پەیوەندییەکانی ئابوریی، بەڕێوەبەرێنیی کلتوری دەزانێت، کە خاوەنی فرەچەشنی و جۆراوجۆرییەکی زۆرن. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بکەین بە پێشکەوتنی بیروڕای کۆمەڵایەتیی لە سەدەی (١٧ و ١٨) لە فەرەنسا و بریتانیا.

ئەگەر بمانەوێت ئەو پێشکەوتنە ڕاستەوخۆ لەگەڵ پێکهاتەی ئابوریی ئەوکاتدا بەیەکبگرین: لە واقعییەت دوور کەوتووینەتەوە. لەو سەردەمەدا لە وڵاتی فەرەنسا ، سیستمی دەرەبەگایەتی زاڵبوو. لە

ئەگەرچی هێزە بەرهەمهێنەرەکان کۆڵەکە و بنچینەی هەر فۆرماسیۆنێکی ئابوری و کۆمەڵایەتین، بەڵام ناکرێ ئەواوەن وەک بەشێک لە فۆرماسیۆنێک هەژمار بکرێن

وەها هەلومەرجێکدا ئەو پرسیارە دێنە بەرەوە کە چۆن بەرهەمە فەلسەفی، کۆمەڵایەتیی و ئەدەبی بە چلۆنایەتییەکی ئاوا بەرزەوە، لەسەر بنەمای دەرەبەگایەتی ڕسکان! هۆکارەکانی ئەو دیاردەیەمان باشتر بۆ دەردەکەوێت، ئەگەر هاوشانی ئابوری، ڕواڵەتەکانی تری ژیانیش لەو سەردەمەدا لەبەرچاو بگرین. بۆمان دەردەکەوێت کە ناوەڕۆکی بنەڕەتی بەرهەمە کۆمەڵایەتیی، ئەدەبیی و فەلسەفییەکانی ئەو سەردەمە، خەباتێکی دەرەبەگایەتیی نوند بوون، کە لە دژی دەرەبەگایەتیی کەونبوونە ڕێ.

سەرەڕای خەباتی سیاسی لە دژی دەرەبەگایەتی، ڕەونگەلێکی فیکریی تریش، کاریگەریان هەبووە لەسەر بەرهەمە فیکرییەکانی ئەو سەردەمە. بۆ وێنە دەزانین کە لەدەمێک لەمەوبەرەوە، دۆزینەوەی ئەمریکا، گەشەی بازرگانی و کرانەوەی

ڕێگاکانی بەرەو ڕۆژهەڵات، بووە هۆی پەرەگرتنی بیر و ئەندێشەی نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە ناو ئەوروپاییەکاندا. ئەوەش ڕوونە کە بڵاوبوونەوەی بیروبۆچوونی ئایینی نەتەوەکانی تر، لە ڕادەی زاڵبوونی ئایینی مەسیحییەتی کەم کردەوە.

ڕۆڵی دیاریکەری ئابووری، لەم بەینەدا کامەیە؟ دەبێ لەبیرمان بێت کە خەباتی سیاسی دژی سیستمی دەرەبەگایەتی، لە سەرهەڵدانی هێزگەلێکی بەرهەمهێنەری نوێ سەرچاوەی دەگرت، کە لەحاڵی شێوەگرتندا بوون. هەروەک وتمان ئەو هێزانە لەگەڵ پێکهاتە و بینای ئابووری و کۆمەڵایەتی دەرەبەگایەتییدا ناسازگار بوون ، هەر ئەمەش خەباتی سیاسی لێکەوتەوە.

بەهۆی وەها ناکۆکیی و ناسازگارییەکەوە، شەڕێکی سیاسی گەورە سەریهەڵدا. ئەو خەباتە لە بەرهەمە فەلسەفی، کۆمەڵایەتیی... بیرمەندان و نوسەراندا ڕەنگی دایەوە. ئەوە ڕوونە، لە بارودۆخی ئەوە سەردەمەدا گشت ئەندێشەکانی نەتەوەکان و ئەو بەرهەمە فیکریی و مەعنەوییەی کە دەینوانی یارمەتیدەری خەباتی دژە دەرەبەگایەتیی بێت: لە لایەن بیرمەندانەوە کۆدەکراوە و دەخوڵقێنرایەوە، ئەمەش بەشبەحاڵی خۆی پێشکەوتنی هەرچی زیاتری ئەدەبیات و فەلسەفەی لێدەکەوتەوە، کەوانە بۆمان دەردەکەوێت کە ئایدۆلۆژیا هەمیشە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی سیستمی سیاسی زاڵ نییە، بەڵکو لەوانەیە ئایدۆلۆژیا سەر بەو هێزە بەرهەمهێنەرانە و ئەو هەلومەرجە ئابورییە بێت کە لەحاڵی شێوەگرتندایە.

ئەو پێشەکیانەی سەرەوە دەریخست کە ئایدۆلۆژیا بەنیسبەت پێکهاتەی ئابووری کۆمەڵەوە، ئا ڕادەیەک ڕێگایەکی سەربەخۆ دەرگرێنەبەر. سەرەڕای ئەوە دەبێ لەبیریشمان بێت، کە ئایدۆلۆژیا کاریگەریی بەسەر ئابووری کۆمەڵەوە هەیە و دەکرێ ناڕادەیەک جووڵەی ئەو خێرا یان خاو بکاتەوە.

شۆڕشی مەزنی فەرەنسا لە ساڵی (١٧٨٩)، بەوپەڕی خۆی گەیشت. ئەو هۆکار و هەلومەرجانەی کە ئا ئێستا چەندین جار داومانەتە بەرباس، بوونە هۆی لەناوچوونی پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتی و جێگیر بوونی پەیوەندییەکانی سەرمایەداریی لە جیاتی ئەو. پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان کە لەسەر بنەما و بنچینەی پێکهاتەی ئابووری دامەزرابوون، بە ئەواوی ژێروژووبوون. پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتی، جیگای خۆی دا بە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی. بازرگانەکان و خاوەنانی پیشەسازیی نوێ، لە جیاتی دەرەبەگەکان و بەگزادەکان، حکومەتیان بەدەستەوە گرت. لەم ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییە گەورەدا سەرەڕای هەلومەرجی ئابووری و بیروبۆچوونە کۆمەڵایەتیی و فەلسەفییەکانی زانایان و نوسەرانێکی وەک ڤۆلتێر، مۆنتسکیۆ و دریدۆ کاریگەر بوون. بیروبۆچوونەکانی ئەو بیرمەندانە لەراستیدا ئایدۆلۆژیای پێشکەوتووی ئەو سەردەمە بوو. دیتیشمان کە ئا چ ڕادەیەک لەسەر گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە و بۆ گۆڕانی پێکهاتەی ئابووری کۆمەڵ یارمەتیدەر بوو.

چینە کۆمەڵایەتییەکان چین چییە؟

لە هەر کۆمەڵێکدا بێجگە لە کۆمەڵی هەرەوەزیی سەرەتایی، گروپگەلێکی گەورەی مرۆیی بوونیان هەیە. ئەو گروپانە لە هەندێک لایەنەوە لێک جیادەبنەوە. کۆیلە و ئەرباب، دەرەبەگ و ڕەعیەت، کرێکار و سەرمایەدار گروپگەلێکی گەورەن کە چینە کۆمەڵایەتییەکانیان پێدەوترێت.

ئێستا دەمانەوێت بزانین کە لایەنی جیاوازیی بنەڕەتیی چینێک لە چ شنگەلێکدایە. بۆ وێنە ئەگەر کۆمەڵی کۆیلەداریی لەبەرچاو بگرین، بۆمان دەردەکەوێت کە لەو چەشنە کۆمەڵەدا دوو گروپی کۆمەڵایەتی گەلێک گەورە، بوونیان هەیە: کۆیلەدار و کۆیلە.

گشت ئەو کۆیلەدارانەی لە کۆمەڵی کۆیلەداریدا دەژیان، چینێکیان پێکدەهێنا. بەو چینە دەوترێت، چینی ئەرباب. کۆیلەکانیش خۆیان چینێکیان پێکدەهێنا.

بۆ وێنە لە کۆمەڵی ڕۆمای دێرین، کۆیلە و کۆیلەدار بەلایەنی شێوەی ژیانەوە لەگەڵ یەکتریدا جیاواز بوون. ئارەزوو و باوەڕەکانی ئە دوو چینە یەکسان نەبوو. ئەخلاق و ئەنانەت زمانی ئاخاوتنی کۆیلە لەگەڵ کۆیلەدارەکاندا جیاواز بوو. ئەو جلوبەرگانەی کە کۆیلەدارەکان دەیانپۆشی، هەرهەمان ئەو جلانە نەبوو، کە لەبەر کۆیلەکاندا بوون. ئەگەرچی گشت ئەوانە جیاوازیگەلێکی گەورەن کە لە نێوان جۆری ژیانی ئەرباب و کۆیلەکاندا هەبوو، بەڵام

دەبێ لەبەرچاومان بێت کە ئەو جیاوازیانە خاوەن سەرچاوەیەکی گەورەتر و بنەڕەتیتر بوون کە لە جێیەکی ترا بوو.

راستییەکەی ئەوەیە کە جیاوازی هەلومەرجی ژیانی کۆیلە و کۆیلەدار لێرەوە سەرچاوەی دەگرێ، کە ئەم دووانە بۆ زیندوو مانەوە و درێژەی ژیان، کردەوەکانیان بە دوو شێوەی جیاواز بوو.

کۆیلە کاریدەکرد، کارێکی قورس و پروکێنەر. لە بەرامبەر ئەو کارە دژوارانەدا برە خۆراکێکی لە کۆیلەدار وەردەگرت. لەبەرامبەردا کۆیلەدار کاری نەدەکرد، بەڵام لە ئاکامی کاری کۆیلەکان، ژیانی خۆی دابینەدەکرد. ئەو خاوەنی کۆیلە، زەوی و سامان بوو. ئەوپەڕی کەڵکی لە گشت ئەوانە وەردەگرت. ئەوە روونە کە ئەو جیاوازییە بەرچاوە، لە نێوان دوو ژیاندا، پێکهێنەری جیاوازیگەلێکی جۆراوجۆری ترپشە.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێنە بەرەوە کە چۆن لە کۆمەڵە مرۆییەکاندا، جیاوازیگەلێکی ئاوا ئاشکرا لە نێوان گرۆپگەلێکی جۆراوجۆر سەرهەڵدەداتە، لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەبێ بڵێین:

هۆکاری سەرەکی گشت ئەو جیاوازیانە لە خاوەندار بوون، یان خاوەن نەبوونی کەرەسەکانی بەرهەمهێنانداپە. بەمجۆرە کە بۆ وێنە لە کۆمەڵی کۆیلەداریدا کۆیلەدارەکان لەو رووەوە خاوەن ئیمتیازی جۆراوجۆر بوون، کە خاوەنی کەرەسەکانی بەرهەمهێنای ئەو سەردەمە بوون. لەحاڵێکدا کۆیلەکان لەو کەرەسانە بێبەش بوون و خۆیان وەک ئامراز بەکاردەهێنران. لە کۆمەڵی کۆیلەداریدا کۆیلەکان چینێکی جیاوازیان پێکدەهێنا، چونکە گشتیان لە کەرەسەکانی بەرهەمهێنان بێبەش بوون و لە ئیختیاری کۆیلەداردا بوون. لە بەرامبەر ئەوانیشدا گشت کۆیلەدارەکان چینێکی جیا بوون، چونکە ئەوان خاوەنی کەرەسەکانی بەرهەمهێنان بوون.

کەوانە گشت ئەو ژن و پیاوانەی بەنیسبەت ئامراز و کەرەسەکانی بەرهەمهێنان خاوەن پەیوەندییەکی خاوەنداری یەکسانن، چینێک پێکدێنن، کەوانە جیا لە کۆمەڵە سەرەتاییەکان، کۆمەڵی مرۆیی بە درێژایی مێژوو بەسەر چینە جیاواز و جۆراوجۆرەکاندا دابەش بووە.

ئەو هەلومەرجەی کە هەر کەسێک لە بەرامبەر کەرەسەکانی بەرهەمهێناندا هەیەتی، لەراستیدا دیاریکەری جیاوازی بنەڕەتیی چینایەتی ئەوە. بەوتایەکی تر هەلومەرجی چینایەتیی هەر کەسێک، دەربڕی هەلومەرجەکانی تری کۆمەڵایەتیشێتی.

جێگای هەر کەسێک لە سیستمی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا، رۆڵی ئەو لە رێکخراوی کۆمەڵایەتی کاردا و دۆخی بەهرەمەندبوونی لە سامانی کۆمەڵ، چلۆنایەتیی سیاسی، ئەخلاقی، دەروونی و ئایدۆلۆژیکی ئەو، گشتیان پەیوەندیان بە هەلومەرجی چینایەتیی ئەوەوە هەیە.

بەو ئاکامە دەگەین، کە چینەکان ئەوکاتە پێکدێن، کە گروپە جیاوازە مرۆییەکان، بەنیسبەت ئامراز و کەرەسەکانی بەرهەمهێنانەوە، بۆچوونگەلێکی جیاوازیان هەیە.

بەڵام پێویستە سەرنج بەوەش بدەین کە چینەکان، هەمیشەیی و ئەزەلی نین. لە کۆمەڵی هەرەوەزیی سەرەتاییدا خاوەندارێتی نایبەتیی نەناسراو بوو، لە جێگایەکیشدا کە خاوەندارێتی نایبەتی بوونی نەبێت، لە ئاکامدا خاوەندارێتی نایبەتی بەنیسبەتی کەرەسەکانی بەرهەمهێنانیش نائوانێت بوونی هەبێت. لێرەوە کە کەرەسەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا هی هەمووان بوو، لە ئاکامیشدا چینە کۆمەڵایەتییەکان بوونی نەبوو. ئەنیا ئەوکاتە چینەکان لە کۆمەڵدا سەریانهەڵدا کە خاوەندارێتیی نایبەتیی دەستی پێکرد. کۆمەڵی سەرەتایی لەناوچوو و کۆمەڵی بێ چینی رابردو جێگای خۆی بە کۆمەڵی چینایەتی دا.

هەندێک لە کۆمەڵناسان لەو بڕوایەدان، کە چینە دەسەڵاتدارەکان کە خاوەنی کەرەسەکانی بەرهەمهێنانن، خاوەن هێزێکی نابووری گەورەن و بۆ داسەپاندنی ئیرادەی خۆیان بەسەر کۆمەڵدا بەکاریاندەهێنن. ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی کە لە هەناوی کۆمەڵی چینایەتیدا زاڵە، لەلایەن ئەو یاسایانەوە داڕێژراوە کە رەنگدانەوەی ئیرادەی چینی دەسەڵاتدارن.

بە کۆی ئەم یاساورێسایانە دەوترێت:«قانوون».

کانێک دەڵێین کە گشت ئەو ژن و پیاوانەی بە نیسبەت کەرەسەکانی بەرهەمهێنان خاوەن پەیوەندی خاوەندارێتی یەکسانن، لە چینێکدا کۆ دەبنەوە. لەراستیدا چینی کۆمەڵایەتیمان لە روانگەی پێگەی نابووری ئاکەکانەوە، پێناسە کردووە.

پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی چینێک، پەیوەندییەکی ناپایەدار نییە. چونکە هەروەک پێشتر باسمان کرد، گۆڕانی وەها پەیوەندیگەلێک پێویستیی بە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتیی و شۆڕشی گەورە هەیە

لایەنی مادیی و ئابووریی چینی کۆمەڵایەتیی، بووەتە هۆی ئەوەی کە هەندێک پەیوەندیی ئابووری ئێپەر و کانیش، بە پەیوەندییە چینایەتییەکان هەژمار بکەن و بەمجۆرە ئەو کەسانەی خاوە پیشە و داهاتێکی یەکسانن، حەتمەن بە هاوچین بزانن. ئەوە ڕوونە کە دیاریکردنی چینەکانی ناکەکانی ناو کۆمەڵگە بەسەرنجدان بە پێوانە و پێودانگی داهاتْ، دەستْ نادات، چونکە داهاتْ خۆی پێڕەوی ڕێسایەکی ئرە. لەوانەیە ئەو کەسانەی کە سەر بە چینە جیاوازەکانن، داهاتێکی لێک نزیکیان هەبێتْ، یان ئەو کەسانەی کە لە ناو چینێکدان، لە ڕوانگەی ئاسنی داهاتەوە جیاوازییەکی بەرچاویان لەگەڵ یەکتردا هەبێتْ.

نمونەیەک بێنینەوە:

گریمان حەقدەستی کرێکارێک لە مانگێکدا (٥٠٠)هەزار دیناره. کارمەندێکی نۆماری بەگڵەکانیش لە مانگدا موچەکەی هەر ئەوەندەیە، کەواتە دەکرێتْ بڵێین، ئەو دوو کەسە سەر بە چینێکن؟ ئەگەر وەڵامی ئیجابی بەو پرسیارە بدەینەوە، هەروەها دەبێ بڵێین کە کرێکارێکی ئەکنیکی کە لەوانەیە حەقدەستێکی یەکسان بە موچەی کارمەندێکی بڵندپایە وەربگرێتْ، هەر دووکیان دەچنە ناو چینێکەوە. ئەوە ڕوونە لە وەها بەراوەرد کردنێکدا ڕێسایەکی جێگیرمان بۆ دیاریکردنی چینی کۆمەڵایەتیی نییە. بەم هۆیەوەیە کە دەڵێین داهاتْ، نائوانێتْ پێوانەی جیاوازی چینایەتیی بێتْ.

لەلایەکی ترەشەوە داهاتی کەسەکان بەردەوام لە نزمی و بەرزیدایە. لەحاڵێکدا کە هەلومەرجی چینایەتی جێگیرتْرە. لە بابەتْ پیشەکانیشەوە دەبێ بوترێتْ، کە لە کۆمەڵگەدا پیشەو پیشەگەرانێکی یەکجار زۆر بوونیان هەیە. هەریەک لەو پیشانە چکۆلەتْر و ناپایەدارتْر لە چینن، بەڵام چنە کۆمەڵایەتییەکانی هەر کۆمەڵێک، هەرگیز ناگاتە ڕادەی ئەو پیشانەی کە لەو کۆمەڵەدا هەیە و لە بەرامبەردا هیچ پیشەیەک خاوەن بەرینایی و درێژەکێشانی چینی کۆمەڵایەتیی نییە.

لەوانەیە بۆ وێنە کەسێک بۆ ماوەیەک مامۆستا، ماوەیەک پزیشک و هەندێکیش کارمەند بووبێتْ...، بەڵام دەبێ بوترێتْ کە ئەگەری زۆر کەمە بۆ وێنە کرێکارێکی کارخانەی ئۆتۆمبێل سازیی، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ببێتە خاوەنی ئەو کارخانەیە، واتە لە چینی کرێکار بچێتە دەرەوە و بە چینی سەرمایەدارەوە پەیوەستْ بێتْ.

کەواتە بەو ئاکامە دەگەین کە مەرجی پێویستی هەبوونی چینێکی کۆمەڵایەتیی، ئەو ناکانەیە کە خاوەن پەیوەندیگەلێکی یەکسانی ئابوریی بن، بەڵام نەک هەر پەیوەندییەکی ئابووریی، بەڵکو سەرەکیترین و پایەدارترینی ئەو، واتە بە نیسبەتْ کەرەسەکانی بەرهەمهێنانەوە خاوەن هەلومەرجی یەکسان بن. ئەوەش ڕوونە کە پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی چینێک بەنیسبەتْ کەرەسەکانی بەرهەمهێنانەوە، پەیوەندییەکی ناپایەدار نییە. چونکە هەروەک پێشتر باسمان کرد، گۆڕانی وەها پەیوەندیگەلێک پێویستیی بە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتیی و شۆڕشی گەورە هەیە.

بۆ وێنە بازرگانەکانی سەدەی (١٨) فەرەنسا دەیانویستْ، ببنە خاوەنی کەرەسە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان. لە ئاکامدا ناچار بوون پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بگۆڕن، دیمان کە گۆڕینی وەهای پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، نەنیا لە سێبەری شۆڕشی مەزنی فەرەنسادا مەیسەر بوو.

هەندێکیش ناکەکانی کۆمەڵێک لە ڕوانگەی فیکریی و دەروونییەوە، ناوتوێدەکەن. ئەوان لەو بڕوایەدان کە هەلومەرجی فیکریی و دەروونییە کە پێکهێنەری چینی کۆمەڵایەتییە. هەڵبەتْ ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە. ئێمە پێشتر بۆمان دەرکەوتْ کە هەبوونی کۆمەڵایەتیی بەر لە شعوری کۆمەڵایەتییە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بنەمایە دەبێ بوترێتْ کە فیکری کەسەکان دیاریکەری چینی ئەوان نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوە چینی کەسەکان لە ناو کۆمەڵدایە کە دیاریکەری بیروبۆچوون و ڕەوتار و جیهانبینیی و ئایدۆلۆژی ئەوە.

ئایدۆلۆژیای چینایەتی، یەکسان

بوونی شێوەی ژیان و ژینی ئەندامانی چینێک، دەبێنە هۆی ئەوەی کە بیروباوەر و بەگشتیی ئایدۆلۆژیایەکی یەکسان لە نێوان ئاکەکانی چینێکدا، پێک بێت.

پێویستە بەو وەبیرهێنانەوەیە کە بەهەر رادەیەک چینێک بکەوێنە ناو رەوتی گەشەکردنێکی زیاتر و ئالۆزتر‌ەوە، هۆشیاریی ئەو چینە زیاتر و ئایدۆلۆژییەکەی کاملّتر دەبێت. ئا ئەو جێیەی کە لەوانەیە ئایدۆلۆژی چینێکی دیاریکراو بەڕادەیەک گەشەکردنی بەخۆیەوە دیبێت، ئا وەک گرنگترین و پێشکەوتووترین ئایدۆلۆژی کۆمەڵێک دەرکەوێت.

هەروەک چۆن بارزگانەکان و خاوەنانی پیشەسازیی لە دەمێک لەمەوبەرەوە لە هەناوی کۆمەڵی دەرەبەگایەتیدا لە ئەوروپا شێوەیان گرتبوو. بیروبۆچوون و باوەڕەکانی ئەو چینە لە سەرەتادا هەروەک خودی ئەو چینە، نەخەملّیو و ناپێگەیشتوو بوو، بەڵام بە شێنەیی لەگەڵ گەشەکردنی ئەو چینەدا، ئایدیۆلۆژییەکەشی بە قۆناغێک گەیشت کە بیرمەندانێکی وەک ڤۆلتێر، مۆنتسکیۆ و رۆسۆی پێشکەشی جهانی ئەندێشە کرد.

چینە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر یەکتر کاریگەری بەرامبەریەکیان هەیە و بیروبۆچوونەکانیان کار لێکتری دەکەن. بەم شێوەیە هۆی دزەکردنی ئەخلاقیات و رۆحیەی چینێک بۆ ناو چینێکی تر پاساوهەڵگر و مومکینە.

ئەو چینەی کە ئامراز و کەرەسەکانی بەرهەمهێنانی لەبەردەستە، بە چینی دەسەڵاتدار (حاکم) دەناسرێنەوە. هەروەک دەزانین چینی دەسەڵاتدار لە فۆرماسیۆنە جۆراوجۆرەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتیدا جیاوازە. لە کۆمەڵە هەرەوەزییە سەرەتاییەکاندا چنی دەسەڵاتدار بوونی نەبوو. هەروەک چۆن حکومەتێک نەبوو. ئەو کەسانەی بەنیسبەت کەسانی تر‌ەوە خاوەن ئەزموون و لێهاتووی و شارەزایی رێکخستنێنان هەبوو، کاروبارەکانیان بەڕێوەدەبرد.

ئەوە روونە کە ئەو کەسانە دەسەڵاتیان بەسەر کۆمەڵدا نەدەکرد و ئەنیا بەرپرسیارێتی بەڕێوەردنی کاروبارەکان لەسەر شانی ئەوان بوو، بەڵام بەرەبەرە ئیدارەکردنی کاروباری ناو کۆمەڵ، جێگای خۆی بە دەسەڵاتی هەندێک لە ئاکەکان دا. ئەو دەسەڵاتە لەراستیدا حکومەتی چینە دەسەڵاتدارەکان بوو. بۆ وێنە حکومەتی رۆمای دێرین، حکومەتی کۆیلەدارەکان بوو، چونکە چینی دەسەڵاتداری رۆمای دێرین، کۆیلەدارەکان بوون.

بە بڕوای هەندێک لە زانایان، دەوڵەت ئەو کانە سەریهەڵدا کە کۆمەڵ بەسەر چینەکاندا دابەشبووە. ئەو زانایانە پێیانوایە بە دەرکەوتنی خاوەندارێتی ئایبەت، گرووپێک بوون بە خاوەنی ئامراز و کەرەسەکانی بەرهەمهێنان، هەر ئەو چینە لەمەوبەدوا بۆ پاراستنی ئیمتیازەکانی خۆی، دەوڵەتگەلی جۆراوجۆریان پێکهێنا و بەمجۆرە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا سێ جۆر دەوڵەتی چینایەتی دەرکەوتن:

- دەوڵەتی کۆیلەداریی،
- دەوڵەتی دەرەبەگایەتیی،
- دەوڵەتی سەرمایەداریی

ئالّوگۆڕ لە فۆرماسیۆنە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵدا، دەبێنە هۆی گۆڕانی ناوەڕۆکی دەوڵەتی چینایەتی. هەروەک چۆن گۆڕانی فۆرماسیۆنی ئابوری و کۆمەڵایەتی دەرەبەگایەتی کە لە رەوتی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا دا رووبدا، بووە هۆی ئەوی کە دەوڵەتی دەرەبەگایەتی نابوود بێت و جێگای خۆی بە دەوڵەتی سەرمایەداری دا.

هەڵبەت لەوانەیە دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان بە شێوەی جیاواز دەرکەون. بۆ وێنە پاش لەناوچوونی کۆمەڵی سەرەتایی، دەوڵەتی کۆیلەداریەکان بە شێوەی جۆراوجۆر لە مێژووی دێریندا دەرکەوتن. دەوڵەتە گەورەکانی وەک دەوڵەتی ئاشوور، بابێل و میسر پایەدار مانەوە. ئەو



هیگڵ

دەوڵەتانە گشتیان چینایەتی بوون و بە دەوڵەتی کۆیلەداریی بەهەژمار دێن. لە ئاشوور، بابێل و میسر حکومەتگەلێکی زۆردا لەسەر کار بوون، بەڵام لە یۆنان حکومەتگەلێکی دیموکراتیک لەسەر کار بوون. پێویستە بە وەبیرهێنانەوەیە کە دەوڵەتشارەکانی یۆنانیش، دەوڵەتگەلێکی چینایەتی بوون. دیموکراسی ئەوان، دیموکراسی چینە دەسەڵاتدارەکان بوو. حکومەتی ئاتین، کۆماریی دیموکراتیک بوو، بەڵام ئەو دەوڵەتەش، ناوەڕۆکێکی چینایەتی هەبوو، چونکە بەشێکی بەرین لە دانیشتوانی ئاتین، وانە کۆیلەکان، لەگشت مافە کۆمەڵایەتیەکان بێبەری بوون. لە کۆمارییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا وەک کۆماری وێنیز و فلۆرانس لە ئیتالیا، ئەوە دەوڵەمەندەکان، بازرگانان و سەرۆک پیشەکان بوون کە دەسەڵاتیان لەدەستدا بوو. یان بۆ وێنە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سەرەڕای هەڵبژاردنی گشتی، دیسانەوەش دەسەڵات لەدەستی سەرمایەدارەکاندایە.

دەکرێ بوترێت شێوەکانی دەسەڵات هەرچییەک بێت جا دیموکراسی، زۆرداریی یان کۆماریی... دەبێ سەرنج بدرێتە ناوەڕۆکی چینایەتی ئەو حکومەتە. بەوانایەکی تر بۆ دیاریکردنی ناوەڕۆک و سرشتی حکومەتەکان، دەبێ لەوە بکۆڵینەوە کە ئەو حکومەتانە لەدەست کامیەک لە چینەکان دایە.

ناکۆکیی چینایەتیی:

ئەو زانایانەی کە گرنگیدەدەن بە ناوەڕۆکی چینایەتیی کۆمەڵی مرۆیی، لەو بڕوایەدان: لە سەردەمی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵی هەرەوەزیی سەرەتایی بەدواوە، بزووتن و گەشەکردنی کۆمەڵ لە ناکۆکی و ناسازگاری چینایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەو زانایانە پێیانوایە هەروەک چۆن لە سروشتدا ناسازگاری لە هەناوی شتەکاندا دەبێتە هۆی بزووتن و گەشەکردن، لە کۆمەڵی مرۆییشدا ناکۆکی نێوان هێزە بەرهەمهێنەرە نوێیەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی کۆن، لە خەباتی چینایەتیدا خۆی دەردەخات. بەو مانایەی کە بەردەوام بۆ گواستنەوەی خاوەندارێتی ئامراز و کەرەسەکانی بەرهەمهێنان لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر، شەر لە نێوان ئەو چینانەی خاوەن بەرژەوەندیی جیاوازن هەڵدەگیرسێت و هەر ئەو ناکۆکی و ناسازگارییە چینایەتییە دەبێتە هۆی گەشەکردنی کۆمەڵ. هەروەک چۆن لە سروشتی زیندووەدا، ئاسیمیلاسیۆن و دزاسیمیلاسیۆن کە دوو ڕەوتی ناکۆکن، دەبنە هۆی گەشەکردنی ژۆرگانیسمی زیندوو.

بۆ وێنە ئەو شەرە چینایەتییەی کە لە کۆنایەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، لە نێوان جووتیاران و بازرگانەکان لەلایەک و دەرەبەگەکان لەلایەکی تر، سەریهەڵدا دەرکەوتنی فۆرماسیۆنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی سەرمایەداریی لێکەونەوە، کە لە سیستمی دەرەبەگایەتی کاملتر و پێشکەوتووتر بوو ئەو خەباتە لەناو کۆمەڵی سەرمایەداریشدا هەروا درێژەی دەبێت.

بۆچوونی فۆنکسیۆنالیسمی چینایەتی:

هەندێک لە کۆمەڵناسانی ئەمریکایی، ئیرادیان لە بۆچوونی زانستی لە بابەت چینەکان گرتووە. ئەوان دەڵێن گشت ئەو دیاردانەی لە کۆمەڵدا هەن، ئەرک و ڕۆڵی (فۆنکسیۆن)ێکی ئایبەت دەگێڕن، کردەوەکانی ئەو دیاردانە کە کاردانەوەی بەرامبەریەکیان لەسەر یەکترییە هەیە، کۆمەڵێک پێکدەهێنێت کە پێیدەوترێت کۆمەڵ_ ئێستا ئەگەر یەک لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی مانەوەی کۆمەڵ دەرباوێین، بنچینەی کۆمەڵ دەگۆڕێت و هەبوونی کۆمەڵ دەکەوێتە مەترسیەوە. بەبروای ئەو زانایانە، چینە دەسەڵاتدارەکانیش لە کۆی گشتی کۆمەڵدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن کە دەرهاویشتنیان مومکین نییە.

ئیرادێکیش کە لەو بۆچوونەی سەرەوە دەگرن، بریتییە لەوەی:

یەکەم:کۆمەڵی چینایەتیی ئەزەلیی و ئەبەدیی نییە، بەڵکو بەرهەمی گەشەکردنی کۆمەڵە لە قۆناغێکی دیاریکراودا.

دووهەم: لە فۆرماسیۆنە چینایەتییەکاندا هەبوونی چینەکان و ئایبەتن چینی دەسەڵاتدار لە زانی کۆمەڵدا شاراوەن. هەڵبەت ئا کاتێک فۆرماسیۆن درێژە بە هەبوونی خۆی بدات، چینە دەسەڵاتدارەکانیش درێژە بە حکومەتی خۆیان دەدەن. هەڵبەت ناکرێ دەرەبەگایەتی بە بێ (فۆنکسیۆنی) دەرەبەگەکان، وێنا بکەین. لە هەر شوێنێک دەرەبەگایەتی هەبێت، دەرەبەگەکان وەک چینی دەسەڵاتدار دەبێ حەتمەن بوونیان هەبێت، بەڵام کاتێک دەرەبەگایەتیی

جێگای خۆی بە سەرمایەداریی دەداث، ئینر بوونی دەرەبەگەکان وەک چینی دەسەڵاندار زەرووڕەنی نییە.

کلتور

پەرەسەندن و گەشەکردنی پەیوەندیی و هاوکارییە کلتوورییەکانی نێوان خەڵکانی جیاواز و دەوڵەت جۆراوجۆرەکان، مەرجی چارەهەڵنەگری پێشکەوتنی کۆمەڵی مرۆییە. ئەگەر بازرگانە جیهانییەکان لە بواری ئابوورییەوە خەڵک پێکەوە گرێدەدەن، پەرەپێدانی پەیوەندیی کلتوری بەهێز و بارهێنانی ئەو کۆمەڵانەی کە بەرهەمی ئەوە، خێرایی دەبەخشێنە رەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی. یارمەتیدەرە ئا پەیوەندیی نێوان دەوڵەث و نەتەوەکان باشتر درک بکرێث ، هەروەها رێگا بۆ پێشکەوتنی زانین و هونەر و ئەدەبیاث لە جیهانی نوێدا دەکاتەوە. لەمەو بەدوا کۆمەڵگەکان و خەڵک بە وەها قۆناغێک لە پەرەگرتن و گەشەکردنی خۆیان دەگەن، کە بۆ هەمیشە جیاوازیی نەتەوەیی پشتسەر دەنێن، هەر لە ئێستاشەوە ئێمە شاهیدی پێشکەوتنی بەردەوامی پەیوەندییە ئابوورییەکان و هاوکارییە کلتوورییەکانین.

گەشەکردنی مێژوویی کۆمەڵگە لەم سەردەمەدا پەیوەندی هەیە بە رەوتی پێکهێنانی دەوڵەتە نەتەوەییە خۆبەڕێوەبەرەکان، لە هەمانکاتیشدا پەیوەندی هەیە بە پێشکەوتنی کلتوری جیهانی و گەشەکردنی ئەدەبیاث و هونەری جیهانیی. هەروەک یەکێک لە زانایانی زانستی کۆمەڵایەتیی وتوویەتی ئەم سەردەمە» سەردەمێکە کە بەرهەمە فیکرییەکانی نەتەوەیەک، دەبێتە بەرنامییەک بۆ گشث نەتەوەکانی ئریش».

ئەو بۆچوونە پێشکەوتوانە و عەنییە، زیاتر لە پێشوو لە ژیانی ئایدۆلۆژیک و کلتوری نەتەوەکاندا رەنگیداوەتەوە. بەها کلتوورییەکان ئینر ملکی ئەم یان ئەو نەتەوە نییە، بەڵکو سەر بە هەموانە.

لێرەدا گەڵاڵەکردنی پرسیارێکی ئیۆریک زەرووری دێتە بەرچاو: هۆی چییە کە لە سەردەمە جۆراوجۆرەکانی گەشەکردنی مێژووییدا، هەندێک لە وڵاتەکان زووتر لەوانی تر بە پێگەی یەکەم گەیشتوون لە رەوتی گەشەکردنی مێژووییدا و چۆنە کە هەندێک لەوان، کاریگەرییەکی چرتریان بەسەر رەوتە کلتوریی و مێژوورییەکانەوە بووە؟

وەڵام بەم پرسیارە نائوانێث بێجگە لەمە بێث: ئەو بابەتە کە لە رەوتی گەشەکردنی کلتوریی کۆمەڵگەی مرۆییدا هەندێک لە وڵاتەکان پلەی یەکەمیان دەستەبەر کردووە، بەر لە هەرشتێک پەیوەندیی هەیە بە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی و مێژوویی و گەشەکردنی ئەوانەوە، بەڵام ئەوە بە هیچ چەشنێک بەو مانایە نییە کە ئەو وڵاتانە، وڵاتانێک و خەڵکانێکی دەستەبژێرن، یان خاوەن چلۆنایەتییەکی ئایبەتن.

هێرزێن پێشتر یادئاوەری کردووە: خەڵکانێک کە بکرێث وەک دەستەبژێر باسیان بکەیث بوونی نییە. گشث خەڵکان و نەتەوەکان جا چکۆلە بن یان گەورە، بەپێی زەرووریی مێژوویی بۆ بەشداریکردن لە گەنجینەی جیهانیی کلتوردا بەشی خۆیان پێشکەشکردوە. بەها نەتەوەییەکانی ئەو نەتەوانە، هێمای ئایبەتمەندیی نەتەوەیی ئەوانە. ئەو نەتەوانە بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونەکان، بەشی خۆیان دەوریان لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی و مێژوویدا هەبووە.

هەروەک چۆن ناکرێ دوو مرۆڤی تەواوەن هاو شێوە و هاو رەوتاری یەکتر بەدیبکەیث، بەهەمان شێوەش دوو خەڵک یان دوو نەتەوە کە تەواو هاوچەشن بن، بەدیناکەیث. هەر کلتورێک رەسەنە و لە جۆری خۆیدا بێ هاوتا و خاوەن ئایبەتمەندیی خۆیەتی. ئەو کلتورانە لە رەوتی گەشەکردنی کلتوری مرۆییدا گەشەیان کردووە، کەوانە هەر کلتورێکی نەتەوەیی تا رادەیەکی دیاریکراو مرۆییە و لەبەرامبەریشیدا کلتوری مرۆیی بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر خاوەن تۆخمگەلێکە لە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی تر. رەهەندە مرۆییەکانی کلتورە نەتەوەییەکان، لەوەوە سەرچاوە دەگرێث، کە مرۆڤ لە رەوتی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ئابوریدا بەتایبەث بواری دیاریکراو هێڵە سەرەکییەکان، رێگایەکی هاوبەش دەپێون. بۆوێنە دەتوانین بڵێین کە فۆرماسیۆنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی دەرەبەگایەتیی، خاوەن تۆخمگەلێی کلتوری ئایبەث بەخۆیەتی. لە هەر شوێنێک ئەو فۆرماسیۆنە سەرهەڵبداث، کلتوری دەرەبەگایەتیش دەردەکەوێث.

بەم پێیە نائوانین بڵێین کە کلتوری کۆیلەداریی یان دەرەبەگایەتی، یان سەرمایەداریی، ئایبەث بە ئەم یان ئەو نەتەوەیە، بەڵکو لەو رووەوە کە مرۆڤایەتی لە رەوتی گەشەکردنی خۆیدا لەگەڵ کۆیلەداریی و سەرمایەداریدا رووبەروو بووەتەوە، تۆخمە کلتوورییەکانی ئەو فۆرماسیۆنانە قاعیدەتەن مرۆییە. تەنیا لەم بابەتەدایە کە دەتوانین بڵێین کلتوری

سەر بە هەر فۆرماسیۆنێک، لە هەر کۆمەڵێکدا هەڵگری ئایبەئمەندییەکانی ئایبەئ بەم کۆمەڵەشە، بەڵام بە هۆکاری ڕەونگەلێکی مێژوویی ئایبەئ، هەندێک لە کۆمەڵگەکان لە هەندێک لە سەردەمە ئایبەئە مێژوویەکاندا، ڕۆڵێکی بەرچاوتریان لە گەشەکردنی کلتوری مرۆییدا گێراوە. لەم بوارەدا دەتوانین ئاماژە بە هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتْ بکەین، کۆمەڵگەگەلێکی وەک میسر، هێند و چین لە سەردەمی خۆیاندا لانکەی کلتوری جیهانی بەهەژمار دەهاتن.

هەروەک چۆن کلتوری یۆنانی دێرین، ڕۆڵێکی گەورە و هەڵکەوتەی لە بواری گەشەکردنی کلتوری جیهانیدا گێراوە. یەکێک لە فەیلەسوفان و زانایانی سەدەی (١٩) پێیوایە کە هونەری یۆنان، بۆ هەمیشە بەها و مۆدێلێک دەمێنێتەوە کە لاسایی کردنەوەی ئەسڵەمە. بریتانیا کە بەر لەوانی ئر گەیشتە قۆناغی کۆمەڵگەی پیشەسازیی، لە زەمینەکانی ئابوری و کلتوریدا بەشێکی گەرانبەهای پێشکەشکرد. فەرەنسا کە بۆ یەکەمین جار دیموکراسی ژاکۆبینەکانی پێشکەشی جیهانیان کرد و بەهاگەلێکی حاشاهەڵنەگری لە بوارەکانی فەسەفە و زانیندا ڕسکاند، وەک سەنتەری پلە یەکی کلتوری دەرکەوتووە کە سەرنجی گشتْ مرۆڤایەتی پێشکەوتووی بەرو لای خۆی ڕاکێشا. ئاڵمانیا کە وەک زادگای زانستیئرین و پێشکەوتووترین فەلسەفەکان لە سەردەمی نوێدا، بە ئاسمانی کلتوری جیهانییەوە ئریفە ئەدانەوە. ئەدەبیاتی درەوشاوەی ریالیستی ڕوسیای سەدەی (١٩)، پلەی ئەدەبیاتی جیهانیی زیاتر لە پێشوو باتر بردووە... گشتْ ئەوانە بێگومان کاریگەرییەکی مەزن و ڕاستەوخۆی لەسەر کلتوری مرۆڤایەتی هەبووە.

پێشکەوتنی کلتوری ئەو وڵاتانە بەنسبەتْ ئەوانی ترەوە بەو هۆیەوەیە کە جیا لە هەندێک بابەتی ئاوارتە، ئەوانە زووتر لەوانی تر ڕێگای گەشەکردنی نوێیان گرتوەتە بەر. شۆڕشی پیشەسازیی بریتانیا، شۆڕشی مەزنی فەرەنسا و گۆڕانکارییە خێراکانی ڕوسیا و ئاڵمانیا لە سەدەی (١٩)، دەرفەتی ئەوەی بەو وڵاتانەدا تا لە قۆناغێکی مێژوویی نوێی خۆیاندا بەهاگەلێکی کلتوری نوێ بئافرێنن و خێرایی ببەخشنە ئاهەنگی بزووتنی مێژوویی گۆمەڵگاکانی تر.

بەڵام وڵاتەکانی ترِیش هەر وا نەمانەوە، ئەوانیش ڕێگای مێژووی خۆیان بڕی، تەنانەتْ لە هێدێک بابەتدا بە کەڵک وەرگرتن لە کلتوری پێشکەوتوو، ئەو ڕێگایەیان خێراتر بڕی و لەتاکامدا، بەشی خۆیان بە کلتوری مرۆیی پێشکەشکرد.

ژیانی ئابووری و گەشەکردنی کلتوری وڵاتە جیاوازەکان، پەردەیەکی ڕەنگاوڕەنگە لە فەرچەشنی و ناسازگارییەکان، بەڵام سەرەڕای ئەو ناکۆکی و فرەچەشنیانەی کە لە ژیان و پەیوەندییەکانی وڵاتانی جۆراوجۆردا هەیە، هاوکارییە کلتوریەکان وەک یەکێک لە هۆکارەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بەهەژمار دێن.

لە زەمینەی پەیوەندییەکان و هاوکارییە کلتوریەکاندا هێڵگەلێکی بەرین بەرچاو دەکەون. یەکێک لەو هێلانە ئەوەیە کە جۆری پەیوەندیی و هاوکاریی کلتوریی، ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە ئابوریەکان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوی سیاسیی ئەم یان ئەو وڵاتی ترە.

ئەو ناکۆکییە کۆمەڵایەتیی، ئابووریی و سیاسیانەی کە گروپێک لە وڵاتەکان لە یەکتری جیادەکاتەوە، ناتوانێت لەمپەرێکی دزەپێنەبەر لەسەر ڕێگەی پەرەگرتنی کلتوریی ساز بداتْ. بەتایبەتْ کە سەردەمی ئێمە لەگەڵ شۆڕشی تەکنیکی و زانستیدا هاوتایە. لە سەردەمێکدا کە زانستْ زیاتر لە پێشوو لە بەرهەمهێناندا ڕۆڵی ڕاستەوخۆ دەگێڕێتْ، ئاڵوگۆڕە کلتوریەکان حەتمیی و چارەهەڵنەگرن.

سەرکەوتنە زانستیەکان بەهاگەلێکی کلتورین، کە لە هەر سەردەمێکدا بە سامانی ڕاستەقینەی مرۆڤ بە هەژمار دێن. ئەوانە بەهاگەلێکی کلتوری بێ هاوتان. ئەمڕۆ بەها کلتوریەکان زیاتر لە هەر سەردەمێک، سنورەکان دەبەزێنێتْ. زانین، بەها هونەرییەکان و گشتْ داهێنانە پێشکەوتووەکانی کلتوریی لە دەمێک لەمەوبەرەوە لایەنی نەتەوەیی خۆیان لەدەستداوە، تا ببنە سامانی گشتْ مرۆڤایەتیی.

نیوتن و ئەنشتاین، داروین و پاڤلۆڤ، پاستۆر و مندلیف، کوپێر نیک و گالیلە، فاراده و ئەدیسۆن، شکسپیێر و پوشکین، دانتی و گۆتە، بالزاک و ئۆڵستۆی، ڕافائێل و میکل ئانژ، مۆزارتْ و بێتهۆڤێن، وەردی و چایکۆڤسکی... ئەوانە و گەلێکی تر لە ڕووخسارە زانستیی، هونەریی و ئەدەبییەکان، نمونەگەلێکی ڕاشکاو و قوواڵن بۆ هەبوونی کلتوری جیهانی و کاریگەریی حاشاهەڵنەگری ئەو کلتورە بەسەر ژیانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ترِدا.

سەرچاوە:

–مقدمه ای بر جامعه شناسی و فلسفه، ترجمەو تالیف:فریدون شایان